د. محەمەد ئارکۆن

ئیسلام و عەلمانییەت

له عەرەبییەوە: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

یەکێ لە گرفتەکانی "ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی"

ئەو بابەتەی لێرەدا بۆ گفتوگۆکردن هەڵبژێردراوە و پەیوەندیی بە "ئیسلام و عەلمانیکردن"ەوە هەیە، بابەتێکە دەچێتە ناو چوارچێوەی توێژینەوەیەکی بەرین و فرەلایەن کە پێشتر بە "ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی"[1] ناومان بردووە. ئێمە ئەم زاراوەیەمان لە کتێبێکی بچووکی (رۆجێ باستید) وەرگرتووە بە ناونیشانی "ئەنترۆپۆلۆژیای پراکتیکی"، توێژینەوەکانی ئێمەیش لەسەر هەمان هێڵ دەڕوات.

مەبەستمان لە "ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی" چییە؟ لە ڕاستیدا ئەم زاراوەیە تەنها چەمکێکی دیالێکتیکی نییە کە پێچەوانەی "ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی" (یان خۆرهەڵاتناسی) بێت کە لە سەدەی نۆزدەهەم و بە تایبەتی لە فەرەنسەدا لە دایك بووە. هەمووومان دەزانین لەوکاتەدا نووسینێکی ئێجگار زۆر هەبوون تەرکیزیان دەکردە سەر ئیسلام و کۆمەڵگە ئیسلامییەکان. ژمارەیەك نووسەری سەربازی و ئیداریی کۆلۆنیالی و تەبشیری و هەروەها هەندێ لە مامۆستایانی زانکۆ ئەو نووسینانە یاخود ئەو لێکۆڵینەوانەیان ئەنجام داوە. بەهای ڕۆشنبیرکردنی ئەو نوسینانە هەرچییەك بێت، ئەوا دواجار ڕەنگدانەوەی کۆششی تێڕوانین و گۆشەنیگایەکی دەرەکییە، ئەو نوسینانە (واتە نوسینی خۆرهەڵاتناسەکان) کاریگەریی مەیلێکی ئیتنیکی بەسەرەوەیە و لە ئیتنیك سێنتڕالیزمەوە سەرچاوە دەگرن و لەو نێوەندە مێژووییەوە روون دەبێتەوە کە تیایدا لەدایك بووە، تەنانەت ئەو لێکۆڵینەوانەی لە زانکۆکانیشدا ئەنجام دراون لەناو ئەو چوارچێوە گشتییەی سێنتڕاڵیزمی ئیتنیکیدا مەلە دەکات، چونکە راڤە و شیکردنەوەکانی ئەو لێکۆڵینەوانە بە زۆری تێڕوانینێکی نێگەتیڤانە لە بارەی ئیسلام پێچەوانە دەکاتەوە. بەڵام ئەمڕۆ سەرهەڵدانی دیدێکی نوێ دەبینین کە لە ناو خودی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا لەدایك دەبێت، لێرەدا

خاڵی دەستپێکردنێکی ناچارییانە بۆ "ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی" دەردەکەوێت.

لەوەی باسمان کرد، نابێت وا تێبگەین کە ئەو توێژەرەی لەو بوارەدا بەشداری دەکات، هەر دەبێت موسوڵمان بێت، ئەمە هەڵەیەکە و دەبێ دەمودەست دووری بخەینەوە. گرنگ ئەوەیە توێژەر سەر بە قەدەر و چارەنوسێکی مێژوویی دیاریکراو بێت. کاتێکیش مرۆڤ لە قەدەرێکی وادا دەژیت، ڕەهەندە جەماعیەکەی بەتاڵدەبێتەوە. بێگومان کاریگەریی ئەو قەدەرە مێژووییەی لەسەر دەبێت، تێڕوانین و شیکردنەوەکانیشی جیاواز دەبێت لە تێڕوانین و شیکردنەوەی چاودێرێکی دەرەکی کە لەو قەدەرە مێژووییەدا ناژیت. سۆسیۆلۆجیا فێرمان دەکات کە کۆمەڵگە قسە دەکات، لەم قسەکردنەشدا زمانێکی تایبەت بە خۆی بەکار دەهێنێت، زمانێك لە هەناوی ئەو کۆمەڵگایەوە دێتە دەرێ، لەمەشدا پرۆسەیەکی کامڵ بەرهەم دێت کە کۆمەڵگا بەسەر خۆیدا پرۆسەی دەکات. دیسان لەمەشدا چەشنێکی نوێ لە گوتار و لە تێگەیشتن و شیکردنەوە بەرهەم دەهێنرێت. ئەمە ئەو شتەیە ئەمڕۆ لەو کۆمەڵگە ئیسلامییانەدا دەیبینین کە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە، ئەمە وامان لێدەکات ئەرکی خستنەڕووی گرفتەکانی و هەوڵی چارەسەرکردنیان بگرینە ئەستۆ. جا بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵگایانە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە ڕووبەڕوویان دەکرێتەوە، دەبینین نیگای خۆیان بەرەو رابردوو و بەرەو کەلەپورەکەیان دەگوازنەوە. بەڵام لەو دەمەدا خۆیان لە بەرامبەر بۆشاییەکی تیۆریی گەورە دەبینن بە هۆی نەبوونی ئەو کەرەستە گونجاوانەی گرفتەکانیان بۆ دەخاتە بەردەست کە دواتریش هەوڵی تێگەیشتن و چارەسەرکردنیان بۆ دەدات.

کاتێکیش ئەو کۆمەڵگە ئیسلامییانە ئاوڕ لە ڕابردووی خۆیان دەدەنەوە، بەمسۆگەری بەر ئەو نووسینە خۆرهەڵاتناسییانە دەکەون کە پێشتر ناومان هێنان. ئەو نووسینانە لەلایەن کەسانی ترەوە بەرهەم هێنراوە و تا ئەمڕۆش بەرهەم دەهێنرێن. بەمجۆرە ڕووبەڕووبونەوەیەك ڕوودەدات کە مومکین نییە هیچ کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی خۆی لێ لابدات. جا لەبەرئەوەی

توێژینەوەی زانستی لە خۆرئاوادا زۆر پێشکەوتووە، هەمیشە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان خۆیان لە ژێر هەژموونی میتۆدۆلۆژی و ئیپستیمۆلۆژیی دنیای خۆرئاواییدا دەبینن. لێرەدا "ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی" دەیەوێت پێچەوانەی ئەو هەژموونە خۆرئاواییە پیشان بدات. ئەرکی ئەم ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکییە تەنها لەبەرهەمهێنانی لێکۆڵینەوە باوەڕپێکراو و ساغکراوەکان کورت نابێتەوە کە پێشتر خۆرهەڵاتناسی ئەم کارەی دەکرد، بەڵکو دەیەوێت ئەرکی خستنەڕووی گیروگرفتە راستەقینەکانیش بگرێتە ئەستۆ کە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بە دەستیەوە دەناڵێنن، پاشان هەوڵی چارەسەرکردن و کۆنترۆڵکردنیان دەدات بە بەکارهێنانی رێچکەیەکی زانستی و میتۆدی زانستی. ئەمەیە ئامانجی دوولایەنە یاخود دوو سەرەی ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی. لەسەرێك دەیەوێت لەناو کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا شوێنێك بگرێت تا لە گرفتە کۆن و نوێیەکانیان تێبگات و بیانناسێت، لە سەرێکی تر بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەی زانستیدا بکات بەو شێوەیەی ئەمڕۆ لە ژینگە رۆشنبیرییە جیاجیاکاندا پرۆسە کراوە و دەکرێت، لەگەڵ بەدیهێنانی هەموو مەرجەکانی توێژینەوەی زانستی و پێداویستییە تیۆرییەکانیدا. توێژەری پسپۆر لە بواری ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکیدا دەبێت بە تەواوی لە نێو ئەو کۆمەڵگایانەدا بژیت و بە تەواوی بچێتە ناو حەقیقەتی ژیانی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانەوە تا بتوانێت قسەیان لەبارەوە بکات و بەرپرسیاریی تێگەیشتن لە جەوهەری ئەو کۆمەڵگایانە هەڵبگرێت.

بۆچی ئێمە لەناو ئەم "ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی"یەدا بایەخێکی زۆر بە بابەتێکی گرنگی وەکو "ئیسلام و عەلمانیکردن" دەدەین؟ لە راستیدا گرنگیی بابەتێکی لەم چەشنە تەنها گرنگییەکی زانستی یاخود تیۆری نییە، بەڵکو بایەخێکی حەیاتی و واقعیشە. جا بۆ ئەوەی ئەم گرفتە لە ئیسلامدا چارەسەر بکەین، پێویستە سەر لە نوێ رەخنە لە چەمکی عەلمانییەت "یان عەلمانیکردن" بگرین، رەخنەگرتنێکی فەلسەفییانە وەك ئەوەی لە فەرەنسەدا بەکارهێنراوە و پراکتیزە کراوە. لە واقیعدا

عەلمانییەت سەبارەت بە دونیای عەرەبی و بەگشتی دونیای ئیسلامی، مەسەلەیەکی هەمیشە ئامادە و پێویستە. عەلمانییەت، وەك هەموومان دەیزانین، مەسەلەیەکە تا ئەمڕۆش – تەنانەت لە فەرەنسەشدا – خۆی دەخاتە ڕوو. بەڵام بێگومان ئەم مەسەلەیە لەسەر خاکی ئیسلامدا پێداویستییەکی گەورەتری هەیە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت، مەبەستم بە مانا نوێیەکەی وشەی دەوڵەت. هەموو سەرکردە موسوڵمانەکان هیواخوازن عەلمانییەت لە کۆمەڵگاکانیاندا پراکتیزە بکەن، بۆیە هەوڵدەدەن بیری نوێ بهێننە نێو ئەو کۆمەڵگایانەی تا ئەمڕۆش لە زۆر لایەنەوە خاوەنی بونیاد و پێکهاتێکی کۆن و بەسەرچوون.

لێرەدا دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان هەردوو وشەی کۆن یان دێرین ***larchaisme*** و لاساییکردنەوە یان ترادشنالیزم ***Traditionalisme***.
وشەی "کۆن" واتە هەموو ئەو شتانەی لە رابردووەوە دێن، لەوانە رابردووی بەر لە ئیسلامیش، واتە باوەڕ و ڕەفتارەکانی پێش ئیسلام. بەڵام وشەی "لاساییکردنەوە" یان ترادیسیۆنالیزم واتە هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بە کەلەپوری ئیسلامی کە ئەمیش لە شێوەی چەند بونیادێکی کۆن و رەقهەڵاتوودا بەرەو بەستەڵەکی و وشکهەڵگەڕان دەچێت. بەمجۆرە دەبینن ئێمە نامانەوێ حوکمێکی بەهایی بەسەر هیچ یەکێك لەم دوو وشەیەدا بدەین، یاخود نامانەوێ "لاساییکردنەوە" بەسەر "کۆن و دێرین"دا زاڵ بکەین، بەڵکو دەمانەوێ ئاماژە بە دوو بوار بدەین کە دەبێ کەشفیان بکەین و پاشان ریشەکێشیان بکەین. پێویستە ئەو دۆخە کەشف بکەین کە چۆن "کۆن" و "لاساییکردنەوە" بە نێو یەکدا دەچن و چەند حاڵەتێکی ئاڵۆز پێکدەهێنن، واتە چەند حاڵەتێکی پاشکەوتووانە کە دەبن بە ڕێگر و بەربەست لە بەردەم سەرهەڵدان و دروستبوونی دەوڵەتی نوێ.

لەواقیعدا مەسەلەی عەلمانییەت (یان عەلمانیکردن) لە نێو سەرجەم یەکەکانی کۆمەڵگادا بیرکردنەوەی هەموو بەرپرسانی سەرقاڵ کردووە. بەڵام کاتێك ئەو بەرپرسانە بە دوای چوارچێوەیەکی فیکریدا دەگەڕێن تا چارەسەری گرفتەکانیان پێ ببەخشێت، دەبینین ئەو چوارچێوە تیۆرییە

فیکرییە بە تەواوی ونە. لە راستیدا ئێمە ئەو مەرجەعە مێژووییە پێویستەمان نییە تا بزانین چۆن گرفتی عەلمانییەت لە نێو کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا خۆی دەرخستووە. هەروەها ئەو مەرجەعە فەلسەفییە گونجاوانەشمان نییە تا ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەین، ئەمە لەبەرئەوەی ئیسلام لە مێژووی خۆیدا هەرگیز بیرکردنەوەیەکی فەلسەفییانەی نەناسیوە تا مەسەلەی عەلمانییەت – بەو شێوەیەی ئەمڕۆ تێیدەگەین – بخاتە ڕوو. ئەمە بە تەبیعەتی حاڵ بەو مانایە نییە کە عەلمانییەت لە ژینگە ئیسلامییەکاندا نەبووە یان پرۆسە نەکراوە.

کەواتە ئەمەیە ئەرکی ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی لە دامەزراندنی چوارچێوەیەکی تیۆری و فیکری کە ڕێگە بۆ بەرەنگاربونەوەی هەموو ئاستەنگ و گرفتەکان بەشێوەیەکی واقیعی و هەستپێکراو دەکاتەوە، مەبەستم هەموو ئەو گیروگرفتە بەرچاو و ڕۆژانەییانەی تیۆریزەیان بۆ نەکراوە.

دوو نموونەی بەعەلمانیکردن:
تورکیا و لوبنان

بۆ روونکردنەوەی پێدراوە تیۆرییەکانی پێشوو، دوو ئەزموونی مێژوویی دەهێنینەوە کە بایەخ و گرنگیی مەسەلەی عەلمانییەت دەردەخەن. یەکەم لێرەدا ئەزموونی تورکیامان لەبەردەستدایە.

هەر لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، کەمال ئەتاتورک شۆڕشێکی عەلمانیی راستەقینەی لە ولاتێکدا بەرپا کرد کە ئەوسا و ئێستایش ولاتێکی ئیسلامیی توندە.

ئەتاتورک سەرکردەیەکی سەربازی بوو و پێشتر لە فەرەنسادا خوێندبووی، کاتێك گەڕایەوە بۆ تورکیا، حەماسێکی گەورەی بۆ بیری فەرەنسی هەبوو، هەڵگری تێڕوانینی عەلمانییەتی خەباتگێڕی بوو، پاشان ویستی ئەو بیروباوەڕە عەلمانییە بەسەر تورکیایەکدا پراکتیزە بکات کە بەشکستی لەجەنگ هاتبووە دەرێ. بۆ بەدیهێنانی ئەم خواستەیش کۆمەڵێ یاسای زەقی دەرکرد وەکو هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەت کە جۆرێك لە شەرعیەتی ئیسلامیی دەنواند و لە خەلافەتەوە وەرگیرابوو. ئەم بریارە گورزێکی سەختی بۆ ئوممەی ئیسلامی پێکهێنا. کۆمارێکی تورکیی لە

شێوەی مۆدێلی خۆرئاوایی دروستکرد و ساڵنامەی ئیسلامیی کۆچیی رەتکردەوە، پاشان پیتی عەرببی لە نووسیندا ئیلغا کردەوەو ئەمەش کاری لە کەشی دەلالی و وێنای سەرجەم گەلێك کرد. دواتریش وەزارەتی کاروباری ئایینی و هەموو کۆمەڵە ئایینییەکانی هەڵوەشاندەوە و وانەی ئایینی لە هەموو قوتابخانەکاندا لابرد، شەپقەی ئەوروپیی لەبری تەڕبوش سەپاند.. هتد.

بەمجۆرە دەبینین ئەم ئەزموونە لە جورئەت و بوێریدا زۆر دوور رۆیشتووە، بەڵام لە راستیدا ئەمە "کاریکاتێر"ی عەلمانییەتە کە چەند پەرگیرییەکی لەگەڵدا بووە، رێك وەك ئەوەی پێشتر لە فەرەنسەدا روویدا. بەڵام میللەتی تورکیا بەدەنگ ئەو ئەزموونەوە نەهات کە کاسی کردبوو، ئەمەش ئەو گەڕانەوە توندەی ئایین دەردەخات کە لە ساڵی 1940ەوە دەستی پێکرد. لەو دەمەدا تەوژمی ئیسلامی بەهێزێکەوە مەوقیعی خۆی گەڕاندەوە. ئەمڕۆیش بە بەرچاوی خۆمان دەبینین کە بە هۆی چەند هۆکارێکی سیاسی و ئابوری و کولتوری مەسەلەکان گەیشتوونەتە حاڵەتی توندڕەویی ئایینی، ئەم توندڕەویی ئاینییە کاردانەوەی ئەو مەودا کورتەی عەلمانیکردنە کە ئەتاتورك بە زۆر سەپاندی. شتێکی چاك و سودبەخشە بە درێژی لەم ئەزمونە رامێنین کە لە چوارچێوەیەکی کولتوری و ئایینی ئیسلامیدا و لەسەر خاکی ئیسلامدا ئەنجام دراوە.

ئەزموونی دووەم کە گرنگیی و پێداویستیی عەلمانیەتمان بۆ روون دەکاتەوە. بێگومان ئەزموونی لوبنانە. مۆدێلی لوبنانی بایەخێکی گەورەی سەبارەت بە توێژینەوەکەی ئێمە هەیە، چونکە ئێمە لەم ئەزموونەدا چەند رواڵەتێکی پەرگیریی بەرین دەبینین. دەشێت ئەم رواڵەتانە لە چەند وڵاتێکی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ببینن وەکو میسر و سوریا و عێراق کە کەمینەیەکی گەورەی مەسیحییەتیان تیادا دەژی.

ئەمە بریتییە لە مەسەلەی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان تایەفە جیاجیاکان. کەچی ئەم مەسەلەیە لە مەغریبدا بوونی نییە کە ماوەیەکی

درێژە جۆرێك لە تاكانەیی تایەفی لە خۆدەگرێت، ئەگەرچی كەمینەیەكی جوولەكەی تیادا دەژیت كە دواتر كەم ولاواز بوونەوە.

كەواتە لە لوبناندا شڵەژان و هەستێكی هەڵچووی وا دەبینین دەگاتە ئەوپەڕی، بە ئەندازەیەك پێدەچێت عەلمانییەت تاكە چارەسەری ئەو دۆخە بێت. ئەوانەی ئەمڕۆ لە لوبناندا پێشنیاری عەلمانییەت دەكەن بەزۆری مەسیحییەكانن. دەبێ پرسیاری ئەوە بكەین بۆچی مەسیحییەكان پێ لەسەر عەلمانییەت دادەگرن. ئەگەر لە نزیكەوە ئەزموونی لوبنانی بپشكنین، دوو گرووپی ئایینی دەبینین كە لە ژمارەدا یەكسانن و هەریەكەیان بە جیا روانینێكی سەرجەمگیریان لەسەرخۆیان پێكهێناوەو پەرەپێداوە. بەمجۆرە هەر گرووپێك بە چەشنێك لە دەمارگیری و داخران بەها تایبەتییەكانی خۆی چەسپاند. ئەم جەخت كردنە لە خود و بەهاكانی خود و خۆ بە باشتر زانین لە گرووپ و توێژەكەی تر، بە روونی لە سیستمی فێركردن و خۆرۆشنبیركردندا دەبینرێت كە لەلایەن هەردوو لایەندا پرۆسەكراوە، ئەمە هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە (واتە لە منداڵییەوە) تا قۆناغی زانكۆ بەروونی هەستی پێدەكرێت. لە راستیدا ئەم مەسەلەیە زۆر ترسناكە. لە واقیعدا هەر چارەسەرێك بۆ گرفتی لوبنانی، دەبێ وەكو هەنگاوی یەكەم، سیستمی فێركردنی پرۆسەكراو لەلایەن هەردوو گرووپدا، هەڵبوەشێنرێتەوە. مۆدێلی لوبنان لە دەفرێكی بچوك و تەسك دەچێت یان لە گەردوونێكی بچووك دەچێت كە بەشێوەیەكی زۆر چڕ و پڕ رووداوەكانی تیادا دەگوزەرێت، هەموو شتێك تیایدا تا كۆتایی شپرزە و ناسەقامگیرە بە تایبەتی بەهۆی ئەو ئاڵۆزییە جیهانییەی لە ئاكامی ململانێی عەرەبی ئیسرائیلیدا دروست بووە.

ئەم دوو نموونەیە – توركیا و لوبنان – مەودای گرنگیی ئەو گرفتە پیشاندەدەن كە خراوەتە ڕوو، مەبەستم گرفتی ئیسلام و عەلمانیەتە. بەڵام دەبێ بایەخ بەم مەسەلەیە بدرێت نەك تەنها لە پێناوی چەند ئامانجێكی جیدالی و خستنەوەی مشتومڕ وەك زۆر جار ئەمە دەكرێت، یان لە پێناوی پرۆسەكردنی ستراتیژی هێز و دەسەلات بەسەر ئەوانیدی. لە راستیدا ئەمە

لە لوبناندا روودەدات. دەبینین ئەوانەی بانگەشە بۆ عەلمانییەت دەکەن تا گیانی تایفەگەرایی و ململانێکانی تایفەگەرایی جێبهێڵن، مەسیحییە مارۆنییەکانن. بانگەشەیەکی لەم جۆرە پێدەچێت کەمێك شوێنی گومان بێت، بە تایبەتی ئەگەر زانیمان مارۆنییەکان شوێنگەیەکی گەورە لە کۆمەڵگەی لوبنانیدا داگیر دەکەن کە لە ڕووی ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە زۆر لە پێش موسڵمانەکانەوەن. ئەمە واتە موسڵمانەکان، بە پێچەوانەی مارۆنییەکان، خاوەنی توانایەکی رۆشنبیریی وانین بتوانن بە بۆچونێکی عەلمانییانە جارێکی تر بیر لە ئیسلام بکەنەوە، واتە ئیسلام لە عەلمانییەت نزیك بکەنەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە وێنایەکی روونیان نییە و هەروەها میتۆدێکی کارکردنی وایان لە بەردەستدا نییە ببێتە هۆی بەدیهێنانی بیرێکی عەلمانیی جیاواز لەو بارودۆخە پڕ لە ململانێی کوێرانەیە کە لە ئەزموونی کەمال ئەتاتورکدا هەبوو(2).

بەمجۆرە تێبینی ئەوە دەکەین کە پێویستە مەسەلەی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی – کولتوری لەبەرچاو بگیرێت، ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتی – کولتورییەی تێڕامانێکی راستەقینە و کاریگەری سەبارەت بە عەلمانیەت، تیادا پرۆسە دەکرێت. جا بۆ ئەوەی بشێت تێڕامانێکی لەم چەشنە لەلایەنی ئیسلامیدا بوونی هەبێت، ئەوا زۆر پێویستە گرفتەکە لە هەموو رەهەندەکانیەوە بخرێتە ڕوو و هەروەها دووربێت لە ستراتیژی هێز و دەسەڵات یان کۆنترۆڵکردن کە ئەم یان ئەو توێژە ڕێنوێنی دەکات. کەواتە دەبێ گرفتەکە لە شوێنی شیاوی خۆیدا بخەینە ڕوو، واتە لە چوارچێوەی ململانێی کۆمەڵایەتی – سیاسی کە لە هەموو کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا لە نێوان "کۆنەپارێزەکان" و "پێشکەوتنخوازەکان"دا هەڵدەگیرسێت. لە هەموو جێگایەکی ئەو کۆمەڵگایانەدا تێبینی شێوەگرتنی بۆشاییەکی گەورە دەکەین لە نێوان باڵی پێشکەوتنخواز کە هەموو ریفۆرمێکی ریشەیی قبوڵە و لە نێوان باڵێکی تر کە بە ڕووی هەموو گۆڕانکارییەك دەوەستێ و بە بیانووی هۆکاری ئایینی رەتیدەکاتەوە. بەمجۆرە خۆمان لە بەرامبەر ئیشکالیەتێکی گشتیدا دەبینین کەمومکین نییە لەمڕۆ بەدواوە ئیسلام ئەو

ئیشکالیەتە فەرامۆش بکات یان بیشارێتەوە ئەمە ئەگەر بیەوێت لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا درێژە بەژیان بدات کە چوونەتە قۆناغی نوێکردنەوەو گۆڕانکارییەوە.

خەلافەت:
بنەمای مێژوویی و پرۆسەی پاساودان

بۆ ئەوەی رۆشنایی بخەینە سەر ئیشکالییەتی عەلمانیکردن، دەبێ مەسەلەی خەلافەت بخەینە ڕوو. راستە ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بە مێژووەوە هەیە، بەڵام ئەمیش کۆمەڵێ ململانێ و مشتومڕی گەرمی بەرهەم هێنا کە ئەگەر لە گۆشەنیگای مێژووی رەخنەگرانەوە بیخوێنینەوە، دەتوانین بەشێوەیەکی نوێ لە ناو ئەزموونی ئیسلامیدا عەلمانییەت بخەینە ڕوو. خەلافەت دەمانباتە سەر بنەمای دەسەلات و رێکخستنی "دەوڵەتی ئیسلامی". دەشێت ئەم گوزارشتەی دوایی (واتە گوزارشتی دەوڵەتی ئیسلامی) بەرەو نەمان بڕوات چونکە پێشوەخت هەڵوێستێکی نێگەتیڤی لەبەرامبەر عەلمانییەت لە خۆ دەگرێت. کێشەی خەلافەت لەلایەن بیریاری میسری عەلی عەبدولرازق لە ساڵی 1925دا هەوڵێکی بوێرانەی بۆ عەلمانیکردنی بیری ئیسلامی وروژاند. دەبێ جارێکی تر و سەر لە نوێ درێژە بەم کارە بدرێت بەڵام لە ژێر رۆشنایی "ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسی"[3]دا کە جۆرج بالاندێ ئەم زاراوەیەی کردۆتەوە و لێی دواوە. لێرەدا هەندێ روونکردنەوەی پرەنسیپی پێشکەش دەکەین. لێرەدا سێ زاراوە هەیە دەبێ بیانپشکنین،

یەکەم: زاراوەی "خەلیفە" کە لە فەرەنسیدا بەرامبەر وشەی ***Vicaire*** دێت. خەلیفە جێگری پێغەمبەرە کە درێژە بە کارەکانی ئەو دەدات، لێرەدا پێدراوێکی زمانەوانیی بنچینەیی هەیە. زاراوەی دووەم "ئیمام"ە کە دەشێت بەمجۆرە پێناسی بکەین: ئەو کەسەی لە کاتی نوێژکردندا رابەریی موسڵمانان دەکات و ئاراستەی مەککەیان بۆ دیاری دەکات و پێشیان دەکەوێت، ئەو کەسە لە هەمانکاتدا رابەرێکی رۆحیشە. بەڵام زاراوەی سێهەم بریتییە لە زاراوەی "سوڵتان" واتە ئەو کەسەی بە مانای سیاسی و دونیایی پرۆسەی دەسەلات دەکات. بەمجۆرە دەبینیین ماناکانی ئەم سێ

زاراوەیە زۆر بە ڕوونی جیاوازن. دوو زاراوەی یەکەم بەرپرسیاریی رۆحی و زەمەنی لە خۆ دەگرن، بەلاّم زاراوەی سێهەم تەنها مانای پرۆسیسەکردنی دەسەلاّتێك دەبەخشێت کە لە ڕێگەی هێزەوە بە دەستهێنراوە و بەهۆی هێزیشەوە بەردەوام دەبێت. بەمجۆرە ئێمە جیاوازیمان لە نێوان خەلافەت و سەڵتەنەت دانا کە زۆر جار تێکەڵ دەکرێن بە هۆی ئەوەی کە سەڵتەنەتی تورکی یاخود سوڵتانە تورکەکان خۆیان بەمیراتی خەلافەت دەزانی.

مادامەکی ئێمە لە قسەکانماندا گەیشتینە ئەم خاڵە، دەبیّ خۆمان لە هەڵەیەکی زۆر باووبلاّو بپارێزین کە لە ئەدەبیاتی خۆرهەلاّتناسی و لەلای موسڵمانانیشدا رەواجی هەیە، ئەو هەڵە باوە دەڵێت: "ئیسلام هەرگیز لە مێژووی خۆیدا نەیزانیوە جیاوازی لە نێوان (زەمەنی) و (رۆحی)دا بکات". ئەم بیرۆکەیە لەلای خۆرهەلاّتناسان و لەلای سەرجەم جەماوەری خۆرئاواییدا بیرۆکەیەکی جێگیرەو چووەتە نێو قولاّیی بیرکردنەوەیانەوە. ئەگەر دەمودەست خۆمان لەم بیرۆکەیە رزگار نەکەین ئەوا بەڕاشکاوی پێتان دەڵێم ئەم سیمینارەی ئێمە هیچ مانایەکی نابێت.

لە راستیدا، وەك دواتر دەیبینین، مەسەلەکان بەو ئەندازەیە سادە نین. لە رابردوودا لەو کۆمەڵگایانەی بە ئیسلامی ناودەبرێن هەندیّ ئەزموونی قووڵ هەبوون کە دەشێت بە ئەزموونی عەلمانییەت وەسفی بکەین، بەلاّم ئەو ئەزمونانە نەگەیشتبوونە پلەی هوشیارییەکی روون بە خودی خۆیان، هیچ رۆژێکیش تیۆریزەیان بۆ نەکراوە.

بابگەڕێینەوە بۆ مێژوو، بگەڕێینەوە بۆ ئەو رووداوەی بە فیعلی لە مێژوودا روویداوەو بووە مایەی لە دایکبوونی خەلافەت. پێغەمبەر لە ساڵی 632ز کۆچی دوایی کرد پاش ئەوەی بۆ ماوەی بیست ساڵ لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا لە ئەزموونێکی دەگمەندا ژیان کە خۆی رابەر و رێنیشاندەر بوو. ئەم ئەزموونە، کە دەشێت بە "ئەزمونی مەککە و مەدینە" ناوی ببەین، چەندین پێدراوی لە چەشنی ئایینی و چەندین پێدراوی لە جۆری دونیایی لە خۆگرتبوو کە تیبەت بوون بە کارەکانی سەرکردەیەك رابەریی گروپێکی دیاریکراوی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەکرد. ئێمە

لێرەدا بە ئەنقەست وشەی "ئەزموون" بەکاردەهێنیین چونکە ئەمە بە فیعلی پەیوەستە بە چەند هەڵوێستێکی پراکتیکی و هەستپێکراو لەلایەن پیاوێکی سەرکردەو رابەرەوە لەناو گروپێکی مرۆییدا. ئەو هەڵوێستە پراکتیکی و ئەو هەڵسوکەوتە سەرکردایەتییەی کە دواتر بەهایەکی ئایدیالی و نموونەیی لە خۆدەگرێت، جێکەوتێکی قوڵی لەسەر هەموو رووداوەکانی دواتردا دەبێت.

لەساڵی 632ی زایینی و یەکسەر لە پاش مەرگی پێغەمبەر، هەر دەبوایە مەسەلەی بەردەوامبونی ئەزمونەکە بهاتایە پێشەوە. کێ دەتوانێت بەبێ کەموکورتی و وەکو خۆی درێژە بەو ئەزمونە بدات؟ بەمجۆرە مەسەلەی خەلافەت هاتە ئاراوە. دواتر چەندین جەنگ و ململانێی خوێناوی روویدا، هەر لە ساڵی 632ز تا مێژووی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و دواتریش هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەت لەلایەن ئەتاتورك لە ساڵی 1922دا، ئەو ململانێ خوێناوییە بێ پسانەوە بەردەوام بوو.

ئەو کێشە تیۆرییەی مەسەلەی بەرهەمهێنانەوەی ئەزمونی مەککە و مەدینە خستیەڕوو، هەرگیز لە مێژووی ئیسلامدا، بەشێوەیەکی رەواو لە گۆشەنیگای تیۆلۆجیاوە، چارەسەر نەکراوە. ئەمە وامان لێدەکات جەغت لەوە بکەین کە دەسەلات بە درێژایی مێژووی ئیسلامی دەسەلاتێکی زەمەنی بووە و لەلایەن دەسەلاتی ئاینییەوە رێنوێنی کراوە. ئەمە راستییەکی زۆر گرنگە و پێچەوانەی ئەو وێناکردنە گەورانەیە کە لە زەینی سەرجەم گروپە ئیسلامیەکاندا بنجی بەستووە. بەمجۆرە دەبینن رۆڵی توێژەری شیکەرەوە لە رووتکردنەوە و ئاشکراکردنی ئەوهامە پوچەکان چەندە گرنگە. ئێمە نامانەوێ بە ئارەزووی خۆمان مێژوو بنوسین، بەڵکو دەمانەوێ بزانین لە سەرەتای ئەو ئەزموونە دامەزرێنەرەوە تا ئەمڕۆ بەڕاستی چی ڕوویداوە. ئێوە دەزانن کە زانایانی بواری زمانناسی باسی پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی زمان دەکەن، لە بەرامبەر ئەمەدا ئێمەی مێژوونوسان دەتوانین لە بارەی هەڵوەشاندنەوەی مێژوو بدوێین (واتە هەڵوەشاندنەوەی نووسینی مێژوو – ***La deconstruction de***

histoire). ئەم میتۆدە لە شیکردنەوەدا، بێگومان رزگارمان دەکات لەو وەهمە جێگیرانەی وەك هێزێکی گەورە و کاریگەر لەناو مێژوودا کاریان کردووە، بەڵام ئەو هێزانە لە تێڕوانینی زانستدا هێزگەلێکی وەهمین[4].

ئێمە هەوڵدەدەین – کە لە هەموو توێژینەوەکانماندا ئەو هەوڵەمان داوە – ژمارەیەکی زۆری ئەو رووداو و چەمك و وێناکردنانە هەڵبوەشێنینەوە کە پلە بە پلە وەك حەقیقەتێکی راستەقینەی جێگیر خۆیان سەپاندووە. موسڵمانەکان لە رابردوو و لە ئێستاشدا لەو "حەقیقەتە جێگیرانەدا" زنجیرەیەك رووداوی گونجاو و چەندین مانا و پەندی وەهایان تیادا بینیوە کە شایستەی ئەوەن مرۆڤ لە پێناویاندا تێبکۆشێ و بگرە لەو رێگەیەدا گیان ببەخشێت. دەبێ تێبینی ئەوە بکەین ئەم دیاردەیە تەنها تایبەت نییە بە ئیسلام، بەڵکو لە چەندین شوێنی تر و لە سەرانسەری کۆمەڵگە مرۆییەکاندا دەبینرێت. بەمجۆرە ئێمە وەکو مێژوونوس ئەمڕۆ خۆمان لە بەرامبەر مەسەلەی (پێداچوونەوە بەخود)دا دەبینینەوە. لە بەرامبەر ئەرکی ئەناتۆمیکردنی هوشیاریی کۆ تا بتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە قەبە و گەورەیەی خوارەوە بدەینەوە کە تەحەدای مێژوونوس – فەیلەسوف دەکات:

بە تەواوی چی روویداوە تا گەیشتووینەتە ئێرە؟ واتە بە ڕاستی چ شتێك روویداوە تا ئەم وێنە ئایدیالییە نامێژووییەی مێژووی ئیسلامی لە یادوەریی کۆ (یان لە هوشیاریی کۆ)دا شکڵی گرت و تا ئەمڕۆش بەردەوامە؟

مێژونوسانی رابردوو و فەقیهە تیۆلۆجیستەکان چەندین حیکایەتیان لەسەر رووداوەکان هەڵچنیوە، لەسەروەختی مەرگی پێغەمبەرەوە تا ئەمڕۆ رووداوەکانیان لە زنجیرەیەك حیکایەتی جیاجیادا چنیوە و جەختیان لە رەوایی خەلیفە کردووە کە دەبوو بەرپرسیارییەکانی پێغەمبەر لە ئەستۆ بگرێت، لێرەوە باوەڕو تێگەیشتنێکی باو خۆی سەپاند لە کاتێکدا ئێمە لە ڕووی مێژووییەوە دەبینین کە خەلافەت لە پاش ساڵی 661ز لەسەر زەویی واقیعدا بەهێز دەسەڵاتی خۆی بەدەستهێناوە نەك لە رێگەی یاسا و شەرع.

دەسەڵاتی خەلیفە سوننەکان هەروەکو دەسەڵاتی خەلیفە شیعەکان، هەمشە کەسانێك یاخود چەند لایەنێك هەبووە ناڕازی بووە و دژایەتیی کردووە. کەواتە ئەمە خەلافەتێکی تەواو زەمەنییە، عەلی عەبدولڕازق لە کتێبە ناودارەکەیدا "ئیسلام و بنەماکانی فەرمانڕەوایی" ئەمەی دەرخستووە. دانەر لەم کتێبەدا ژمارەیەکی گەورەی دۆکیومێنتی مێژوویی ئێجگار کۆنی خستۆتە ڕوو، بەڵام دواتر ڕووبەڕووی تیۆلۆجیای ڕەسمیی باو بۆوەو بەزەندیق تاوانباریان کرد و کتێبەکەیان سوتاند و خۆیشیان لەئەزهەر دەرکرد.

کەواتە حەقیقەتی مێژوویی سەبارەت بەم بابەتە و لە سنووری شیانی گەیشتن پێی، چییە؟ ئەو ڕاستییە مێژووییە تەرکیز دەکاتە سەر چوار خەلیفەی ڕاشدین کە لە پاش پێغەمبەر لە ساڵی 632ز تا ساڵی 661ز لە مەدینەدا حوکمیان کردووە. خەلیفەکانیش ئەمانەبوون: ئەبوبەکری سدیق (632–634)، عومەری کوڕی خەتاب (634–644)، عوسمانی کوڕی عەففان (644–656)، عەلی کوڕی ئەبوتالیب (656–661)، سێ خەلیفەی یەکەم بە کوشتن مردوون. کوشتن لە دیدی سۆسیۆلۆجیستدا کردارێکە دەلالاتێکی زۆری هەیە، بەڵام لەلای تیۆلۆجیست ڕووداوێکی تێپەڕە لە ڕووداوەکانی مێژوو کەسانێك ئەنجامیانداوە لە ڕێگەی هەق و لە ڕێگەی خودا لایانداوە. سەرجەمی نووسینە ئەرتەدۆکسییەکان وێنەیەکی نموونەیی قەبەکراو و ئایدیالی لە بارەی هەرچوار خەلیفەکە پێشکەش دەکەن، بە هیچ جۆرێك شیکردنەوەی سۆسیۆلۆجی و مێژوویی بۆ ڕووداوەکان ناخەنە ڕوو.

بەپێی ئەو کەلەپورەی پێمان گەیشتووە، هەر چوار خەلیفەکە لەلایەن ئەسحابەکانی پێغەمبەرەوە هەڵبژێردراون. بەڵام، زەحمەتە لە ڕووی مێژووییەوە بزانین مەسەلەکان چۆن ڕوویانداوە. دەبێ لێکۆڵینەوە لە میکانیزمی گەیشتن بە دەسەلات بکرێ لە سەدەی حەوتەمی زایینی لە کۆمەڵگەی عەربیداو دەبێ لەوێدا پتر تەرکیز بکرێتە سەر مەسەلەی دەمارگیریی هۆزگەرایی و عەشیرەتگەرایی. ئەو دەمارگیرییە خێڵەکییانە

رۆڵێکی گەورەیان بینی لە گەیشتن بە دەسەلآت و پرۆسیسەکردنی فەرمانڕەوایی. خودی پێغەمبەریش سەر بە خێزانێکی دیاریکراو یاخود هۆزێکی دیاریکراوە کە بریتییە لە (بەنو هاشم) کە یەکێکە لە تیرەکانی هۆزی (قورەیش)ی ناودار. ئێمە دەزانین بانگەشە و تەبشیری ئایینی موحەممەد ڕووبەڕووی ناڕەزایی و پرۆتیستۆیەکی توند بوو لەلایەن خێزانە مونافیسەکەی تر (بەنو سوفیان) کە ئەوسا پرۆسەی دەسەلآتی لە مەککەدا دەکرد. کاتێکیش لە دوای مەرگی پێغەمبەر مەسەلەی خەلافەتیان هێنایە پێشەوە، هەر یەکە لەو دوو تیرەیەی قورەیش (بەنوهاشم و بەنوسوفیان) لە گۆڕەپانەکەدا ئامادەبوون و خۆیان بۆ ململانێ سازدابوو. سەرجەمی ئەو مێژووەی دواتر لەدایك بوو، هەڵگری سیماکانی ئەو کێبەرکێ سەرەتاییەی ئەوسایە، تا دەگاتە ئەو ململانێ و کێبەرکێیەی تا ئەمڕۆش لە نێوان سوننەکان و شیعەکاندا بەردەوامە. دواتر دێینە سەر ئەم باسە.

بەلآم بە هاتنی فاکتەری سێیەم بۆ ناو ململانێکە کە بریتییە لە (ئەنسارەکان) کە لە مەدینەدا پێغەمبەریان وەکو پەنابەرێك گرتەخۆ، دیمەنەکە ئاڵۆزتر دەبێت. ئەنسارەکان سەر بە هۆزێکی ترن، ئەوانیش خواستی دەسەلآتیان هەیە. ئێمە ناتوانین تا هەتایە ئەو ڕاستییە سۆسیۆلۆجی و مێژوویيانە بشارینەوە کە دواتر بیری ئیسلامی لەوێوە ڕێگەی خۆی دەکاتەوە. لێرەداو لە نێو شانۆیەکی ئاڵۆزی لەم چەشنەدا، مەسەلەی خەلافەت خۆی خستەڕوو و بەشێوەیەك لە شێوەکان (وەك دەرەنجامی هێزە زۆرانبازەکان) چارەسەرکرا. لە میانی ئەو هەموو ململانێیانەدا، بیرۆکەی پێویستبوونی ڕابەرێکی پێشەوا کە لە سەرووی ململانێی نێوان هۆزەکان دەوەستێ، خۆی دەسەپێنێت. بەلآم، لە کاتێکدا ئەو بیرۆکەیە ڕێگەی خۆی دەکردەوە دەبوو لەگەڵ لایەنە جیاجیاکانی ناو ئەو ململانێیەدا، واتە لەگەڵ هێزە کۆمەلآیەتی و قەبەلییەکانی گۆڕەپانەکەدا، هەڵسوکەوت بکات. لە ماوەی 30 ساڵدا چەندین ململانێ دروست بوون (لە نێوان سالآنی 632 بۆ 661 ز) کە هەندێجار لە شێوەی کوشتندا خۆی دەنواند.

بەڵام هەموو ئەمانە رێگەیان لە بیری ئیسلامی نەگرت رێگەی خۆی بگرێت و خۆی بسەپێنێت و لەمەشدا بەشێوەیەك لە شێوەكان پشت بە "دیاردەی قورئانی" ببەستێ. لە ساڵی 661ز بەدواوە توندوتیژیی ململانێ تەقلیدییەکان زیادی کرد بە ئەندازەیەك گەیشتە ئەوەی موسوڵمانەکان بە فیتنەی گەورە یان لێکترازانی گەورە ناویان برد. هەموو لایەك دان بەو لێکترازانەدا دەنێت، هەم سوننەکان و هەم شیعەکانیش. موعاویە کە لەڕووی مێژووییەوە سەر بەو خێزانەیە کە دژی خێزانەکەی پێغەمبەر بوو، بەهێز و بە فێڵزانیی خۆی دەسەڵاتی زەوتکرد. توانی عەلی لابەرێت کە لە گۆڕەپانی ململانێدا کوژرا، بەمجۆرە دوا نوێنەری خێزانی پێغەمبەری لەناوبرد. موعاویە لە بنەڕەتدا حاکمی سوریا بوو کە لە ساڵی 636ز دا داگیر کرا. ئیدی مەرکەزی دەسەڵاتی لە مەدینەوە گواستەوە بۆ دیمەشق. ئەم کارە زۆر مانا هەڵدەگرێت، وەك ئەوەی کە بۆ نموونە پاپا لە رۆماوە پاپایەتی بگوازێتەوە بۆ تۆرین. بەمجۆرە سولالەی ئومەوی گەیشتە حوکم کە نزیکەی سەدەیەکی خایاند، واتە تا ساڵی 750ز بەردەوام بوو. هەموو ئەو رووداوە بنچینەییانە بریتین لە کار و رووداوی واقیعی کە هیچ پەیوەندییەکیان بە هیچ شەرعیەتێکەوە نییە شەرعیەتی هێز نەبێت.

سەرباری هەموو ئەو شتانەی وتمان، دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە ئەم قۆناغە بنەڕەتییە لە مێژووی ئیسلامدا، قۆناغێکە زەحمەتە بە وردی زانیاریمان لە بارەیەوە هەبێت.

ئەوەی وتمان بابەتەکە بەیەکجاری یەکلاناکاتەوە، چونکە ئەو دۆکیومێنتە مێژوویانەی پێمان گەیشتوون، پاش بەسەرچوونی رووداوەکان بە ماوەیەکی درێژ، ئینجا نووسراونەتەوە، هەروەها لە نێو تێڕوانینی پاساو بۆهێنانەوەدا نووسراون، ئەم مەسەلەیەش پابەندە بە ئایدیۆلۆجیایەکی گەورە و کامڵی پاساو بۆهێنانەوە. لە قۆناغی یەکەمیشدا ئومەوییەکان پایەکانی ئەو ئایدیۆلۆجیایەیان داناوە، پاشان عەبباسییەکان لەسەر هەمان هێڵ پەرەیان پێداوە.

با لێرەدا تێبینی ئەوە بکەین کە خۆرهەڵاتناسی تەقلیدی هەرگیز ئەم چەمکە (چەمکی ئایدیۆلۆجیای پاساو بۆ هێنانەوە)ی نەخستۆتە ناو بازنەی رۆشناییەوە و بەرجەستەی نەکردووە، ئایدیۆلۆجیای پاساو بۆ هێنانەوەیش دژی شەرعیەتی راستەقینەیە کە هەرگیز بواری هاتنە ئارای بۆ نەڕەخساوە. لێرەدا فەرقی گەورەی نێوان مێژووی هەڵوەشاندنەوەیی یاخود شیکاری کە ئێمە ئەنجامی دەدەین و نێوان مێژووی گێڕدراوەی تەقلیدی دەردەکەوێت، مێژووی گێڕانەوەیی یاخود گێڕدراوەی تەقلیدی تەنها تێکست و رووداو و وەقایعە کۆنەکان دەنوسێتەوە بێئەوەی هەوڵبدات کەشفیان بکات یان ناوەرۆکە ئایدیۆلۆجییەکەیان رووت بکاتەوە کە پڕ ناوەرۆکێکی هەڵخەڵەتێنەر و دەمامکپۆشە. وەك گاستۆن باشلار[5] دەڵێت: مرۆڤەکان دەتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ لە نێو پەرژینی "زانینی هەڵە"دا بژین. بە پێی ئەم وتەیە دەشێت دەریبخەین چۆن ئاگایی ئیسلامی ملکەچی ئەو ئایدیۆلۆجیای پاساوە گەورەیە بووە و بە تەواوی تیایدا خنکابوو. ئەم ئایدیۆلۆجیایە وەچە لە دوای وەچە لە رێگەی نووسین و گواستنەوە و دووبارە کردنەوەدا بنجی داکوتاوەو وەك "کەلەپوری زیندوو" پێشکەش کراوە. لە واقیعدا ئەو ئایدیۆلۆجیایە بەشێوەیەکی کاریگەر و زەق لە ناخی جەماوەردا زیندووە چونکە دەسەلاتی رەسمی هەر لە سەرەتاوە پەیگیری ئەوەی کردووە کە تەنها ئەم کۆپییە لە کەلەپور بگوازێتەوە. لێکۆڵینەوەی مێژوویی پرۆسەی خستنە پاڵی پیشانداوە کە لە فەرمودەکانی پێغەمبەردا بەکارهاتووە[6].

تیۆری شیعی بۆ ده‌سه‌ڵات

ئێستا له‌ باره‌ی زاراوه‌ی "ئیمام" ده‌دوێین كه‌ پێشتر ئامارژه‌مان پێدا. به‌ڵام به‌ر له‌وه‌ پێویسته‌ هه‌ندێ روونكردنه‌وه‌ی سه‌ره‌تایی پێشكه‌ش بكه‌م

لەو گفتوگۆیەی لە بارەی خەلافەتی پێغەمبەرەوە کرا، لایەنێك هەبوو نوێنەرایەتی خێزانی پێغەمبەری دەکرد. ئەمانە پڕکرابون بەو دەمارگیرییە نامەرجدارەی کە دەڵێت تۆ لەسەر براکەت بکەرەوە سا لەسەر هەق بێت یان نا، وەك ئەو پەندە عەرەبییەی دەڵێت: "انصر اخاك ظالماً او مظلوماً".

لێرەدا خۆمان لەبەرامبەر مەسەلەیك دەبینینەوە کە پەیوەندیی بە سایکۆلۆجیای مێژووییەوە هەیە ئەوەی کە مێژووی پۆزەتیڤیستی ئاگاداری نییە و نایزانێت و تەنها گرنگی بە کۆکردنەوەی وەقایعە جێگیرەکان دەدات. سایکۆلۆجیای مێژوویی فێرمان دەکات لێرەدا مێژووی ئاگایی یاخود مێژووی هوشیاری هەیە کە بەشێوەیەکی پلەدار و وردە وردە شێوە دەگرێت، ئەمە مەسەلەیەکە دەبێ مێژوونووسی نوێ سەرقاڵ بکات و بیهێنێتە ناو بازنەی بایەخدانەکانی خۆیەوە. لەم تێڕوانینەوە بیرۆکەی ئیسلامی لە دەروونی خەڵکیدا بنجی دەبەست و لەمەشدا پشتی بە "دیاردەی قورئانی" دەبەست وەك دیاردەیەك بۆ سروش. ئەمە دەڵێین بێئەوەی بچینە ناو وێڵگەکانی تیۆلۆجیاوە و بێئەوەی پێمان وابێت قورئان ئاخاوتنێکە لەسەرەوە هاتووە، بەڵکو تەنها بریتییە لە ڕووداوێکی واقیعی وەکو فیزیا و بایۆلۆجیا کە زانایان قسەی لە بارەوە دەکەن. قورئان وەکو گوتارێکی تایبەتی دەردەکەوێت کە ماتریاڵ و بونیادی خۆی هەیە و دەشێت توێژەری زمانەوانی شێوازی تایبەتیی تیادا کەشف بکات لە شێوەگرتنی مانا و بەرهەمهێنانیدا. ئەوەی لێرەدا پێوەی خەریك دەبین بریتییە لە چۆنێتی شێوەگرتنی میکانیزمی بەرهەمهێنەری مانا لە قورئان و لە زمانی عەرەبیدا، هەروەها چۆنێتی ئیشکردن و بنجداکوتانی لە ئاگایی ملیۆنەها کەسدا تا دواتر بیرۆکەی ئیسلامی (یان ئیسلام) بەرهەم بهێنێت.

کەواتە لەمەدینەدا گروپێك پەیدابوون داکۆکییان لە چەمکی خەلافەتی شەرعی دەکرد، واتە خەلافەتێك لە بنەماکانیدا پەیوەستی خوێن و هەموو پەیوەندییە خێڵەکییەکان جێبهێڵێت، واتە خەلافەتێکی ڕێکخراو و پلەدار ئەگەر بشێت وا بڵێین، خەلافەتێکی ترانسندێنتالی (موتەعالی) نیشانەبێت

بۆ خودای تاك و تەنیا کە بە چڕییەکی گەورەوە سەرانسەری گوتاری قورئانیی گرتۆتەوە.

ئەم گرووپە – پێدەچێت ئەمە شتێکی سەیر بێت – بریتیە لە خێزانی پێغەمبەر، ئەو شەرعیەتەیش لە کەسایەتیی عەلیی ئامۆزای پێغەمبەر و هاوسەری فاتیمەی کچیدا بەرجەسستە دەبێت. ئەمە لە کەلەپوردا هاتووە. بەلاّم زەحمەتە بتوانین لە ڕووی مێژوویەوە ئەو چرکەساتە دیاری بکەین کە ئەو بیرانەی تیادا سەریهەڵداوە. چۆن ئەم بیرکردنەوانە گەشەیان کردووە و پاشان تەرکیزیان کردۆتە سەر بیرۆکەی خەلافەتی شەرعی کە بنەمایەکی رۆحی یان ئاینیی هەبێت. لە نیوەی دووەمی سەدەی دووەمی کۆچیدا بیرۆکەی شەرعیەت، لە ژێر ناوی تیۆری شیعی بۆ خەلافەت، بونێکی تیۆریزەکراوو گەلاّڵەبونێکی پوختەی لە خۆ گرت. دواتر ئەم بیرۆکەیە، لە دژی ئەشکەنجەو چەوساندنەوەی ئومەویی هاشمییەکاندا، پتر بنجی داکوتا. لە راستیدا ئەو چەوساندنەوەیە بەردەوام بە دوای لایەنگرانی عەلییەوە بوو کە پاشان دەبێت بە قەسابخانەیەکی ترسناك، لە مێژووی سوننەکاندا ئەو قەسابخانەیە بە بێدەنگی تێپەڕیوە یان با بڵێین بێدەنگییان لێکردووە. کەچی مێژووی شیعەکان قەبە و زلیان کردەوە بە جۆرێك هوشیارییەکی گەورەی ئەشکەنجەیان لەلادا دروست بوو. دەبیّ جەغت لە گرەوی گەورەی ئەو رووداوانە بکەین، ئەمە گرەوێکی یەکلاکەرەوەیە بە پێوەری ئاگایی ئیسلامی کە چووەتە نێو ئەو مێژووەوە. یەکیّ لە ئاکامەکانی ئەو قەسابخانە گەورەیەی بەسەر لایەنگرانی عەلیدا هات بریتی بوو لە لەنێوبردنی بیرۆکەی "ئیمامەت"، ئیمامیش میراتگری رۆحیی پێغەمبەرە. پاشان لابردنی تەواوی کۆمەڵیّ گەواهی و شەهادات کە بایەخێکی زۆری هەبوو، بە تایبەتی ئەو شەهاداتانەی پەیوەستن بە قۆناغی یەکەمی دامەزراندنی ئیسلام، واتە ماوەی ئەو بیست ساڵەی کە پێغەمبەر تیایدا خەریکی تەبشیر و بانگەشە و فێربوون و سلوك بوو.

ئەقڵی پلانامێزی دەوڵەت، بە هەموو دڵرەقی و توندوتیژیی بێڕەحمانەیەوە، بە گورزێکی قایم چەندین ئەزمون و شەهاداتی سڕییەوە

کە بەهایەکی رۆحیی بێوێنەیان هەبوو. لەمەش خراپتر ئەو عەقڵە سیاسییە پلانگێڕییە بەپێی بەرژەوەندیی خۆی گەواهیی تری هێنا کە پەیوەست بوو بە پێکهاتەی قورئانەوە کە بووە مایەی چەندین دەرەنجامی ترسناك. چونکە ئەو پرۆسەیە بونیادی ئەقڵی و وێناکردنێکی وای پێکهێنا کە لەوساوە تا ئەمڕۆکە کۆنترۆڵی ئاگایی ملیۆنان کەس لە خەڵك دەکات. ئەمە ئەو گرەوەیە کە لە دەوری سەرجەم چیرۆکی خەلافەتدایە، نابێت ئەم خاڵە گرنگە لە بیر خۆمان بەرینەوە.

بەمجۆرە دەبینین گرفتی خەلافەت لە چ چوارچێوەیەکدا رەهەندەکانی خۆی وەردەگرت. ئەو دەسەڵاتەیش کە لە سەدەی شانزەهەمدا لەسەر دەستی تورکەکاندا دەردەکەوێت (مەبەست لە سەڵتەنەتە) دەبێتە ترۆپکی کۆتایی ئەو زنجیرە سەرکێشییە سیاسییەی بریتی بوو لە خۆمەڵاسدانێکی بەردەوام بۆ دەسەلات لەناو چوارچێوەی گوزارشتی "ئایینی"دا. بەمجۆرە رێکەوت وایهێنا کە دەسەڵاتی سیاسی دەست بەسەر دەسەڵاتی ئایینی "رۆحی"دا بگرێت بێئەوەی ئەم کارە لەسەر هیچ پایە و بنچینەیەك بوەستێت، یاخود بێئەوەی لەسەر هیچ تێکست و هیچ بیرێکی تیۆریی تیۆلۆجی وەستابێت. ئەگەر بە فیعلی لەوێدا ئاوێزانبونێك لە نێوان "رۆحی" و "زەمەنی"دا هەبوبێت، ئەوا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مێژووی خەلافەت لە رووی زەمەنییەوە دەچێتە ناو کەشوهەوای ئەقڵیی سەدەکانی ناوەڕاست کە چوارچێوە شوێنکاتییەکانی وێناکردن و تێگەیشتن و دەرککردن توانای ئەوەی نەبوو جیاوازی لە نێوان رۆحی و زەمنیدا بکات. ئێمە دەزانین ئەو جیاوازیکردنەی نێوان رۆحی و زەمەنی رۆژێ لە رۆژان بە تەواوی بەدی نەهاتووە و بەنێویەکداچوونی ئەم دوولایەنە تا ئێستاش بەردەوامە تەنانەت لە ولاتێکی وەکو فەرەنسەشدا کە کەلەپورێکی دێرین و رەسەنی لە عەلمانییەتدا هەیە. تیۆلۆجیای رەسمیی ئیسلام شتێکی وای نەکردووە تەنها پێکهێنانی وێناکردنێکی پێشوەخت نەبێت لەسەر مەسەلەکان. لێرەدا گرەوی بنەڕەتیی بابەتی عەلمانییەت کۆدەبێتەوە، دەبێ هەموو وێناکردنە تیۆلۆجییەکان رەت بکرێنەوە بۆ

ئەوەی ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی سۆسیۆلۆجی – مێژوویی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت وەك ئێستا هەوڵی بۆ دەدەین.

بابگەڕێینەوە بۆ ئەو فیتنە گەورەیەی لە ساڵی 661ز روویدا و بووە مایەی لەدایکبونی چەند لقێکی جیاوازی ئیسلام، مەسەلەی دەسەلاّت ئەو خاڵە تەوەرییە بوو کە مەسەلەکانی لە دەوردا یەکلا دەکرانەوە، هەر لەسەر ئەم پایەیەش ناکۆکییە کۆمەلاّیەتی – ئاینییەکان پەرەیان دەسەند و بنجیان دادەکوتا.

پێویستە بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی لە نێوان سێ ئاراستە یان سێ گروپدا بکەین، گروپی سەرەکی و بنەڕەتی ئەو گروپەیە کە بە "سوننی" ناودەبرێت و ئەمڕۆ بەشی زۆری موسڵمانان لە دەوریدا کۆبونەتەوە، ئەم گروپە بۆیە بەو ناوە ناونراوە چونکە پێی وایە "ئەرتەدۆکسییەت"ی بۆ خۆی مۆنۆپۆل کردووە، واتە سوننەیەك کە بە مانای کەلەپوری "هەقدار"ی پێغەمبەر دێت. ئەم ناولێنانە زاڵبون و باشتر بوونی سوننەکان بەسەر ئەوانیتردا لە خۆ دەگرێت. لە واقیعدا سونییەکان خۆیان ئەو ناوەیان داهێناو ناوی سوننەیان لە خۆیان ناوە لە پێناوی دوورخستنەوەی نەیارەکانیان و هەروەها بۆ ئەوەی پێشوەخت بێنرخیان بکەن. دەتوانین هەمان شت سەبارەت بە شیعەش بڵێین، ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا بە مانای ئەنسار یان لایەنگر دێت و ئەمە ئاماژەیە بۆ لایەنگرانی عەلی کە کۆ دەنگی "یان: ئیجماع" یان رەتکردەوە، کەواتە ئەمانە – وەك دواتر سوننەکان پێیان دەڵێن – ئەهلی رەتکردنەوەن. شیعەیش بەهەمان رێگە رەفتار لەگەڵ سوننەدا دەکات و بە هەمان شێواز وەلاّمی دەداتەوە، چونکە ئەو ناوەی بۆ خۆیان هەڵیان بژاردووە دواتر ئەم مانایە لە خۆ دەگرێت: "ئەو کەسانەی قسەی راست و بێهەڵە واژە دەکەن، ئەمانە بەشێوەیەکی تایبەتی دەچنە سەر ئاخاوتنی خودا و دادپەروەری" واتە (أهل العصمە و العدالە). لێرەدا جیاوازیی نێوان مانای ئەسڵی (یان: ئیتمۆلۆجی) و مانای ئایدیۆلۆجی (یان: تیۆلۆجی) لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەردەکەوێت. بەلاّم ناونانی شیعە بەو مانایە، لە فارسەوە تا بەغدا و لە سەرانسەری دونیای سوننیدا،

سڕڕایەوەو سانسۆرێکی وایان خستە سەر کە پشت بە ئایدیۆلۆجیای پاساو بۆ هێنانەوە دەبەستێت ئەوەی کە –وەك پێشتر وتمان– ئومەوییەکان دایانهێنا.

تا ئەمڕۆش مشتومڕی نێوان شیعە و سوننە هەر بەردەوامە، تا ئەمڕۆش بەهەمان شێوەی سەدەکانی ناوەڕاست ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننە درێژەی هەیە(7).

ئاراستەی سێهەم یان گروپی سێهەم پێیان دەوترێ خەواریج (الخوارج)، سیفەتێکی سەلبیان بەم ناوە بەخشیوە و مانای زەندیقیان پێداوە. لە بۆچونی سوننەدا ئەم گروپە "ئەو کەسانەن لە ئوممە دەرچوونە و کۆمەڵی ئیسلامییان جێهێشتووە".

ئەم بارودۆخە بە ڕوونی لە کۆمەڵەی مورابیتەکان لە جەزائیردا دەبینین ئەوانەی "ئوممە"یان جێهێشت و لە سەدەی نۆیەمی زاینییەوە خۆیان نەفی کرد بەرەو قووڵایی بیابانەکان لە دووریی 600 کیلۆمەتر لە جەزائیری پایتەختدا. سەرجەمی جەزائیرییەکانیش ئەوان بە "هەراتیقە" دادەنێن. بەڵام ئەگەر لە دیدێکی مێژوویی و تەنانەت تیۆلۆجیشەوە سەیری مەسەلەکان بکەین، کێ دەتوانێت ئەمە بسەلمێنێت یان جەغتی لێبکات؟ ئێمە دەزانین وشەی "خەواریج" لەلایەن ئەرتەدۆکسیزمی سوننیەوە لە مانا ئەسڵییەکەی لادراوە تا مانایەکی نێگەتیڤ وەربگرێت، واتە مانای جێهێشتنی ئیجماع و ئوممەی ئیسلامی لەخۆبگرێت. لە ڕاستیدا مانای ئەسڵیی (یان مانای بەدەوی)ی وشەی خەواریج بە فیعلی "دەرچوون" دەگەیەنێت، بەڵام نەك دەرچوون لە ئوممە بەڵکو دەرچوون بەرەو گۆڕەپانی جەنگ بۆ جیهادکردن لە پێناوی خودا. بەمجۆرە دەبینن مەسەلەکە زۆر جیاوازە.

ئەو نموونانەی پێشوو وێنەیەکی زەق و زیندووی ئەو شتەمان پێشکەش دەکەن کە ئێمە پێشتر بە مشتومڕی ئایدیۆلۆجی یاخود بە ئایدۆیۆلۆجیای پاساوبۆهێنانەوە ناومان برد. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت چۆن ئیسلامی ڕەسمی لەناو چەند سنورێکی دۆگمایی پتەودا خۆی

داخست بە جۆرێك کە هیچ گفتوگۆیەك هەڵنەگرێت. هەروەها بە چەند راستییەکی تیۆلۆجیی پەتی پاساویان بۆ هێنایەوە، کەچی لە راستیدا مەسەلەکە بە تەواوی بەندە بە چەندین ململانێ و ناکۆکیی سۆسیۆلۆجی و کولتووری و هەروەها زەوتکردنی دەسەڵات و پرۆسیسەکردنی.

پێویستە ئەمرۆ لەناوەوە ئەرتەدۆکسیەتی داخراو هەڵبوەشێنینەوە، ئەمەیش بە توێژینەوەیەکی مێژوویی ئازاد ئەنجام دەدرێت و دەشێت تەنها لەم رێگەیەوە بگەینە دەرگاکانی عەلمانیەت لە ئیسلامدا.

بەر لەوەی کۆتایی بەم کورتە باسە مێژووییە بهێنین، دەبێ ئاماژە بۆ سولالەی (نەژاد، وەچە)ی عەبباسی بکەین کە هەر لە ساڵی 750ز شوێنی ئومەوییەکانی گرتەوە و تا ساڵی 1258ز بەردەوام بوو. ناوی ئەم سولالەیە دەگەڕێتەوە بۆ (عەباس)ی مامی پێغەمبەر. بەمجۆرە خێزانی پێغەمبەر تۆڵەیان لە ئومەوییەکان کردەوە و دەسەڵاتی فەرمانڕەواییان گرتە دەست، بەڵام دەسەڵات گرتنە دەستی عەبباسییەکان زۆر لەو رێگەیە دەچێت کە پێشتر ئومەوییەکان پێڕەوییان کرد. عەبباسییەکان هەندێ رەگەزی تیۆری شیعییان بۆ ئایدیۆلۆجیەکەی خۆیان زیادکرد. بەڵام دواتر چەند نەتەوەو چەند کۆمەڵگایەکی تر درێژەیان بە فیکری ئیسلامی داو بڵاویان کردەوە بە جۆرێك سنورەکانی دوورگەی عەرەبیی جێهێشت. عەبباسیەکان لایەنگرانیان لە ئێراندا بە دەستهێناو پاشان لە دوای سەرکەوتن پایتەختیان گواستەوە بۆ بەغدا. ئەوسا ژیاری عەرەبی – ئیسلامی گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی.

لە ساڵی 1258ز دا بەغدا لەلایەن مەغۆلەکان داگیر کراو ئەمە بووە مایەی کۆتایی پێهێنانی دەسەڵاتی خەلیفەکانی بەنی عەبباس. لە راستیدا خەلافەتی عەبباسی هەر لە سەدەی نۆیەمی زایینییەوە تا ئەندازەیەکی گەورە شتێکی وەهمی بوو. دەسەڵات لەلایەن ژمارەیەك لە میران پرۆسیسە دەکرا و ئەمانە لە رێگەی هێزەوە گەیشتبوونە دەسەڵات. هەروەك پێشتریش هەمان شت روویدا. دەسەڵاتی ئەمان هیچ پەیوەندییەکی بە چوارچێوەی ئیسلامیی دەسەڵاتەوە نەبوو یان هیچ پەیوەندییەکی بە تیۆری

پاساو بۆ هێنانەوە نەبوو. ئەم دۆخە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهانی ئیسلامیی ئەو کاتەدا باو بوو، واتە لەو کۆمەڵگایانەی کە ئایینی ئیسلامییان بەسەردا پراکتیزە دەکرێت هەمان بارودۆخ دەبینین کە دەسەڵات لە رێگەی ئایینەوە پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە بەمجۆرە خەڵکی وەکو بەبەغا بەردەوام ئەو رستەیە دووپات دەکەنەوە کە ئیسلام رۆحی و زەمەنی لەگەڵ یەکدی تێکەڵ دەکات، یان گوایە ئیسلام بریتییە لە دین و دونیا. ئەمە هەرگیز راست نییە و لە ڕووی زانستیشەوە قبوڵکراو نییە.

لە پاش مەغۆل، دوو شەپۆل لە تورکەکان دوابەدوای یەك دێن، شەپۆلی یەکەم لە سەدەی یانزەهەمی کۆچیدا لە ئاسیای ناوەڕاستەوە دێت، ئەمانە تورکە سەلجوقییەکانن کە لە بەرامبەر یەکەمین هەڵمەتی خاچپەرستەکاندا وەستان. پاشان لە سەدەی شانزەهەمدا شەپۆلی دووەم دێت کە بریتیین لە تورکە عوسمانییەکان، ئەمانیش لە بەرامبەر پەلاماری روو لە زیادی خۆرئاواییەکان و مەغریب وەستان، بە تایبەتی کاتێك کە دەسەڵاتی عوسمانییەکان سەرانسەری باکوری ئەفریقیا دەگرێتەوە و بە رێگەیەکی سەربازی و بەپێی بارودۆخ لە میسرەوە تا مەغریب داگیر دەکەن.

سەبارەت بە مەغریب، چەندین سولالەی جیاجیا دەرکەوتن، لەسەروەختی کۆتایی دەسەڵاتی ئومەوییەکانەوە چەندین سولالە لە رێگەی هێزەوە دەرکەوتن و خۆیان سەپاند، سایان لە پێناوی خۆ دوورخستنەوە لە چەوساندنەوە بوبێت، یان لە پێناوی سەلماندنی شوناس و کەسایەتیی لۆکاڵیی خۆیان. بەمجۆرە ئیدریسییەکان لە مەغریب دەیانوت ئێمە سەر بە شەرعیەتی پێغەمبەرین. لە سەدەی یانزەهەمی زاینیشەوە هێزگەلێکی ناوچەیی خێڵەکی دەردەکەون و بە (بەربەر) دەناسرێن و ئەمانە سولالەی فەرمانڕەوایی نوێ لە فاس و مەراکیش و تلمسان و قەیرەوان دێننە بەرهەم. سەرجەمی ئەو سولالانە ئاماژە بۆ ئیسلام دەکەن و هەریەکەیان بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە پارێزگاری لە ئیسلام دەکەن بێگومان لە پێناوی چەسپاندنی رێسای حوکمکردن. بۆچی؟ چونکە ئیسلام بوو بەو مەرجەعەی هەردەبوو بۆ هەموو پاساوێکی سیاسی پەنای بۆ بەرن. بەڵام

دەسەڵاتی راستەقینەی ئەو سولالانە سنوری پایتەختەکانی تێنەپەڕاند تا سەرانسەری وڵات بگرێتەوە. بەم شێوەیە بیرۆکەی سولالەی فەرمانڕەوا بەناوی ئیسلامەوە لەو ناوچانەدا بنجی داکوتا. ئەمە بیرۆکەیەکی وەهمی بوو و لە راستیدا هیچ بنەمایەکی نەبوو، بەڵام ئەمە ڕێی لەوە نەگرتووە کە تا ئەمڕۆش لە مەغریبدا بەردەوام بێت.

تێکستی قورئانی: چۆنێتی کۆکردنەوەی و سەرلەنوێ خوێندنەوە

پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو خاڵە بنچینەییەی بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە کاری لە رەوتی ئەو رووداوانە کردووە کە دواتر روویانداوە. بە پێی گێڕانەوەی ڕەسمی لە شێوە و جۆری شکڵگرتنی سورەتەکانی قورئان لە موسحەفدا کە لەلایەن سوننەو شیعەو هەموانەوە دانی پێدانراوە و راست و دروستیی ئەو شتە هەژموونی بەسەر هەمووان‌دا هەیە، پێغەمبەر بۆ ماوەی بیست ساڵ بە دوو ڕێگەی جیاواز قسەی کردووە. لە حاڵەتی یەکەمدا بەسیفەتی نێردراوی خودا ئاخاوتنی کردووە و هەڵگری ئەرکێکی بەپەلە بووە، بەرهەمی ئەمەش قورئان بوو. بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا خۆی وەکو رابەرێکی کارامە و لێزان قسەی کردووە و ئەو شتەی بەرهەمهێناوە کە بە فەرموودەی پێغەمبەر ناودەبرێت و فەرمودەکانیش ڕێنوێنییەکانی پێغەمبەر لە خۆ دەگرن. ئەو کاتەی کە پێغەمبەر سورەتێکی قورئانی دەگوازێتەوە، لەو کاتەدا ئەو ئامرازێکە بۆ گەیاندن و گواستنەوە بێئەوەی خۆی تەدەخول بکات، ئەو تەنها ئاخاوتنی خودا واژە دەکات، کەواتە ئەو قسەکەری ئاخاوتنی خودایە لە زمانی عەرەبیدا. لەو دەمەدا چەندین شایەت و هاوەڵ لە دەوریدا هەبوون، سورەتەکانیان یەك لە دوای یەك لەبەرکردبوو. کەلەپوری گواستراو پێمان دەڵێت لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراودا هەندێ لە سورەتەکان دەمودەست لەسەر پێستی ئاژەڵ و گەڵای دار خورما و ئێسقاندا تۆمار کران، ئەم کارە بۆ ماوەی بیست ساڵ بەردەوام بوو.

لە دوای مەرگی پێغەمبەر، شتێکی سروشتی بوو مەسەلەی کۆکردنەوەی تەواوی ئەو سورەتانە بخرێتە ڕوو، چونکە سەردەمی "فەتح" دەستی پێکردبوو وهاوەڵانی پێغەمبەریش بەناوچە و وڵاتە جیاجیاکاندا بڵاو ببونەوە. یەکەمین خەلیفە ئەبوبەکر بیری لە کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی سورەتەکان کردەوە بۆ نووسینەوە و پاراستنیان، پاشان یەکەمین موسحەف پێك هێنرا (موسحەفێکی سەرەتایی بوو)، ئەو موسحەفە سەرەتاییە لەلای عائیشەی کچی ئەبوبەکر و خێزانی پێغەمبەر دانرا. دواتر ئەو سورەتە قورئانییانە راستەوخۆ لە شێوەی مشتومڕدا بەکارهێنران بە مەبەستی ململانێکردن لەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا. ئەم شتانە لەو کەلەپورە گواستراوەیەوە هەڵدەهێنجێنین کە دزەیان کردووە و دەماودەم گواستراونەتەوە ئەگەرچی سانسۆرێکی توند بەسەر کەلەپوردا هەبوو.

خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی عەففان (کە یەکێك بوو لە ئەندامانی ئەو خێزانەی دژی خێزانی پێغەمبەر بوو) دوا بڕیار وەردەگرێت بە کۆکردنەوەی بەشە جیاجیاکانی سورەتەکان کە پێشتر نووسرابوونەوە، هەروەها کۆکردنەوەی قسە و گەواهی زارەکیی هاوەڵە سەرەتاییەکانی پێغەمبەر. لە ساڵی 656ز دا ئەم کۆکردنەوەیە بووە مایەی پێکهێنانی تێکستی تەواوکراو کە بۆ دواجار بەسەر هەمووواندا سەپێنرا بە سیفەتی موسحەفێکی راست و دروستی سەرجەم ئاخاوتنی خودا بەو شێوەیەی بە سروش بۆ پێغەمبەر دابەزیوە. خەلیفەکانی دواتریش هەموو گەواهییەکی تریان ڕەتکردەوە و هەموو گێڕانەوە و بۆچوونێکی تریان خستە دواوە کە دەیانویست راستگۆیی خۆیان بسەلمێنن، ئەمەیش بووە هۆی مەحاڵبوونی هەرچەشنە دەستکارییەك بەسەر ئەو تێکستەی لە ژێر سایەی عوسماندا پێکهێنرا.

ئەمە گێڕانەوەی کەلەپورە، ئەمە ئەو گێڕانەوەیەیە کە ئەمڕۆ هەڵوێستی گشتیی ئیسلام دەنوێنێت و هێزێکی جێگیری وای هەیە کە دەستی لێنادرێت و گفتوگۆی لەسەر ناکرێت. ئێستا با جارێکی تر ئەو گێڕانەوەیە دابڕێژینەوە: سەرجەم ئاخاوتنی خودا کە بە سروش بۆ موحەممەد هاتووە،

بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزییەکی تەواوەوە گواستراوەتەوە، پاشان بە نووسین لە موسحەفدا و لە زەمەنی عوسماندا پارێزراوە، واتە بە بیست ساڵ پاش مەرگی پێغەمبەر دەست بە نووسین و کۆکردنەوە و پاراستنی کرا.

ئەمە ئەو کاتیگۆرییە ڕەسمییەیە هیچ بەشەرێك بۆی نییە بە قەدەر زەڕڕەیەك گومانی لێبکات، موسڵمانانیش پێویستیان بە ئامێرێکی ئاینیی باڵا نییە تا ئەو کاتیگۆرییەیان بۆ بپارێزێت، بەڵکو ئەوەندە بەسە کە ئاگاییەکی گەورەی جەماعی "ئاگایی کۆ" نوێنەرایەتیی دەکات و کۆدەنگی ئوممەی بەسە، مەبەستم ئەو "ئیجماعی ئوممە"یە کە لە چوار سەدەی یەکەمی کۆچیدا شێوەی گرتووە تا دواتر ببێت بە ڕاستییەکی رەها. ئەم کۆدەنگییە (واتە کۆدەنگیی ئوممە بە سوننە و شیعەوە) بە ئەندازەیەك بەهێزە کە ئەگەر کەسێك ڕووبەڕووی ببێتەوە ئەوا خۆی دوچاری سزایەکی جەستەیی کۆمەڵایەتی دەکات. لێرەدا گرفتە گەورەکە کۆدەبێتەوە. مەسەلەکە مەسەلەی ئازادی یان دۆگمایەکی تایبەت نییە بە ئیسلام، نەخێر، بەڵکو بریتییە لە گرفتی چۆنێتی ئیشکردنی میکانیزمی سەرجەم کۆمەڵگایەك. تەنانەت سەرکردە سیاسییەکانیش ئەگەر هوشیارییان بەرامبەر بەو مەسەلەیەش هەبێت ناتوانن شتێك بکەن، چونکە ئەگەر گومانیان خستە سەر ئەو کاتیگۆرییە ڕەهایانە، ئەوا پلە و شوێنگەی رابەرایەتییان هەر چییەك بێت سزای جەماوەریان بەردەکەوێت.

لێرەدا دەتوانین تێبگەین وشەی کۆمەڵگە مانای چییە و ئەو وشەیە چ هێز و جەبەروتێك دەنوێنێت، ئەو کۆمەڵگایەی تەنها بەیەك تاکە گوتاری دیاریکراو قسە دەکات و پاشان سنورێك دادەنێت هیچ بەشەرێك بۆی نییە ئەو سنورە ببەزێنێت. لە حاڵەتی ئێستادا چۆن دەشێت ئەم مەسەلەیە راڤە بکرێت؟

بێگومان دەکرێ ئاماژە بۆ ئەو دۆخە سەختە بکەین کە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان سەدەیەك زیاترە لە ڕووبەڕووبونەوەی خۆرئاوادا دەژین. بەڵام ئەم دۆخە وەك دەزانن بووە بە جۆرێك لە هەنجەت و پاساو بۆ هێنانەوە. لەم حاڵەتەشدا ئیسلام چەشنێك لە "پەناگە" و دەریچە

دەنوێنێت بۆ ئەو کۆمەڵگە ئیسلامییانەی دەیانەوێت، لە ڕووبەڕووبونەوەی خۆرئاوای نوێ و خاوەن هێزێکی گەورەی تێکنۆلۆجی و ژیاری، پارێزگاری لە شوناسی خۆیان بکەن. بەلآم ئەگەر موسوڵمانەکان ئەو پەناگەیەیان لە دەست دا، لێرەدا هیچ فاکتەرێکی هاندان و وروژێنەری حەماسی جەماوەر و جەستەی کۆمەلآیەتی وەك گشتێك، نامێنێت. لەبەرئەو هۆیە دەبینین ڕۆشنبیرانی موسڵمان سانسۆر دەخەنە سەرخۆیان و ناچنە ناو ئەو مەسەلە گرنگ و هەستیارانەوە کە پێیان وایە هێشتا کاتی نەهاتووە. ئەوان پێیان وایە چارەسەری مێژوویی ڕەخنەگرانە وەك ئەوەی ئێمە ئەنجامی دەدەین، هاوکاریی کۆمەلآیەتی تێکدەدات و لێکدیی هەڵدەوەشێنێتەوە و ئەمەیش دەبێتە مایەی دروستبونی کاردانەوەیەکی توند لەلایەن کۆمەڵگاوە کە بە توندوتیژی وەلآمی هەر چەشنە هەوڵێکی لەو جۆرە دەداتەوە. ئەمە ئەو دۆخەیە ئەمڕۆ تیایدا دەژیین. ئەمە وەك دەبینن دۆخێکی مخابنە بەلآم هاوکات بەرچاو و واقیعیشە.

بەلآم لە هەموو ئەوانەی پێشتر باسم کردون نابێت وا تێبگەن کە لە ئیسلامدا هیچ ئۆپۆزیسیۆنێکی ناوخۆیی بوونی نەبووە وەك ئەوەی لە سەرەتای چەرخی ڕێنیسانس لە ئەوروپا ڕوویدا. لە واقیعدا لە سەدەکانی یەکەمی کۆچیدا چەندین ئۆپۆزیسیۆن و نارەزایی سەریانهەڵدا تاگەیشتە مەسەلەی شکڵگرتنی تێکستی قورئانی. بۆ نموونە لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا دەسەلآتی عەبباسی ئیدانەی دوو قازیی کرد لەبەرئەوەی ناڕەزاییان لەسەر هەندێ لە خوێندنەوەکانی تێکستی ڕەسمی (واتە قورئان) دەربڕی، تەنها لەسەر هەندێ جۆری خوێندنەوە. هەروەها دەبێ ئاماژە بۆ ئەو بزوتنەوە فەلسەفییانەیش بکەین کە مەیلێکی ڕەخنەگرانەیان هەبوو، هەروەها سەرجەمی ئەو بزاوتانەی بە زەندیق ناوبران و دەسەلآتی ڕەسمیش بە وردی چاودێریی دەکردن و هەندێجاریش ئەگەر پێویستی بکردایە دەیکوشتن، ئەمە هەروەکو لەو سەروەختەدا کەنیسەی مەسیحیش هەمان شتی لە بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆنەکانی خۆیدا دەکرد.

پرۆتیستۆو بزووتنەوەکانی نارەزایی هەر لە سەدەی دوانزەهەمی زاینییەوە وردە وردە لەسەر خاکی ئیسلامدا بەرەو لاوازی دەچوو، تادواتر بۆیەکجاری ونبوو و هەموو دەنگێکی نارازی دەخنکێنرا. کەسانی بیانی لەمەدا دیاردەیەکی دۆگمایی تایبەت بە ئیسلام دەبینن و پێیانوایە ئیسلام هەرگیز رێگە بە بیری ئازاد نادات و.. هتد. هەندێ کەس تا ئەمرۆش ئەو قسەیە دووپات دەکەنەوە. جا بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو شتانە بدەینەوە، پێویستە بە باشی چاودێریی ئەو رووداوانە بکەین کە بە فیعلی لەسەر زەمینی ئەو کۆمەڵگایانەدا روویانداوە کە بە کۆمەڵگەی ئیسلامی وەسفکراون.

لە راستیدا، هەر لە سەرەتای سەدەی دوانزەهەمی زاینییەوە زۆر شت گۆرانکارییان بەسەرداهات، بۆ نموونە بەهۆی جەنگە خاچپەرستییەکانەوە هێڵە گەورەکانی بازرگانی و ئابووری لە ناوچەی ئیسلامی ناوەند گواسترایەوە، دواتر ترسناکیی ئەو حاڵەت و ئەو دۆخە زیادی کرد. پاشان رۆڵی مەغۆل و تورکەکان هاتە ئاراوە کە ئەمانە نوێنەری ئیسلامێکی بەدەوی بوون و زۆر بە توندی فشاریان دەخستە سەر ئیسلامی مەدەنی کە گەیشتبووە ئاستی ئەرستۆکراتی. لەو سەروبەندەدا دەسەڵاتی خەلیفایەتی دوچاری لەرزین بوو. بەمجۆرە لە پرێکدا دنیای لادێی بەدەوی لە خەو هەستا کە پێشتر کۆیلەکراو و فەرامۆشکراو بوون، ئەمانە گەرانەوە بۆ نێو بەها دێرین و هەمیشە زیندووەکەیان، ئەو بەهاو نەریتانەی پێش ئیسلام هەبوون. باشە لە دۆخێکی وادا، چۆن نارەزایی و پرۆتیستۆ لە بەرامبەر تێکستی قورئانیی رەسمیدا سەرهەڵدەدات؟ مەسەلەیەکی تیۆلۆجیی لەو چەشنە دەبێتە جێی بایەخی ژمارەیەکی زۆرکەمی زانایان. بەمجۆرە وەك وتمان هەر لە سەدەی دوانزەهەمی زاینییەوە گەرانەوەیەك بەرەو ئیسلامی لادێی دەستی پێکرد کە رێگە نادات هیچ چەشنە گرفت و کێشەیەکی لەو جۆرە بخرێتە روو.

ماوەیەکی کەمە خستنە رووی ئەم کێشەیە دەستی پێکردووە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی خوێندن و رۆیشتنی هەزاران گەنج بەرەو

زانکۆکان، ئەو گەنجانە فێر دەبن و دەگەڕێن و پرسیار دەکەن و ڕووبەڕووی هەموو ئەو گرفتانەش دەبنەوە کە لە چوار سەدەی یەکەمی کۆچیدا هەبوون. کاتێکیش بە دوای وەڵامی راستەقینەی ئەو گرفتانەدا دەگەێن، بۆشاییەکی تیۆری دەبینن یاخود بەر بۆشاییەکی تیۆریی سەرجەمگیر و قووڵ دەکەون. لە واقیعدا هەر لە سەدەی دوانزەهەمی زاینییەوە تا ئەمڕۆ هیچ شتێك لەم ئاستەدا ئەنجام نەدراوە. کاتێکیش موسوڵمانێکی هاوچەرخ بیەوێت لە بیرۆکەیەك یان لە گرفتێکی لەو چەشنە بکۆڵێتەوە، ناچار دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو کتێبانەی لە سەدەی هەشتەم و نۆیەمی زاینی (چوارەم و پێنجەمی کۆچی) نووسراون! ئەمە بارودۆخی باوو بڵاوی ئەمڕۆیە.

پێویستە لەو بارودۆخە باسکراوەدا سەرجەم مەسەلە تیۆلۆجییە ئیسلامییەکان بخرێنەڕوو، ئەوسا ئەمە لە کەشوهەوایەکی زۆر جیاواز لە کەشوهەوای ئیسلامی کلاسیکی و کەشوهەوای رۆشنبیریی نوێ دەخرێتە ڕوو. دەبێ بەر لە هەر بەرخوردێکی نوێ لە بارەی تیۆلۆجیای ئیسلامی، رەخنە لە مۆدێرنە بگرین، چونکە مۆدێرنە هەموو شتێك لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت، بۆیە دەبێت بەر لە بەکارهێنانی، رەخنەی لێبگرین و بیپشکنین.

با ئێستا ئەو ئەرکە بەپەلانە بەبیر بهێنینەوە کە هەر پێداچونەوەیەکی رەخنەیی بۆ تێکستی قورئانی پێویستی پێیەتی. دەبێ یەکەمجار بەشێوەیەکی جیدی جارێکی تر چیرۆکی شکڵگرتنی ئەو تێکستە بنووسینەوە، واتە رەخنەیەکی ڕەگوڕیشەیی لەو چیرۆکە رەسمییەی شێوەگرتنی تێکستی قورئانی بگرین کە کەلەپوری گواستراو جێگیری کردووە. بۆ ئەمەش دەبێ بگەڕێینەوە بۆ هەموو ئەو دۆکیومێنتە مێژووییانەی بەشێوەیەك لە شێوەکان پێمان گەیشتون سا ئەو دۆکیومێنتانە بنەمایەکی شیعییان هەبێت یان خارجی یاخود سوننی. بەم شێوەیە ئێمە خۆمان لەلایەنگریی هەر تیۆلۆجیایەك لە دژی تیۆلۆجیایەکی تر دوور دەخەینەوە. گرنگ ئەوەیە تەئکید لە راست و دروستیی دۆکیومێنتە بەکارهێنراوەکان بکرێت. دوای ئەوسا نەك تەنها ڕووبەڕووی

مەسەلەی سەرلەنوێ خوێندنەوەی دۆکیومێنتەکان دەبینەوە، بەڵکو دەچینە ناو گەڕان بەدوای دۆکیومێنتی دیکە کە مومکینە بوونیان هەبێت، وەکو دۆکیومێنتەکانی دەریای مردوو کە لەم ماوەیەدا دۆزرانەوە. هەروەها شتێکی سوودبەخشیشە بەناو کتێبخانە زۆر تایبەتییەکاندا بگەڕێین وەك کتێبخانەی دروزەکانی سوریا یان ئیسماعیلییەکانی هیند یان زەیدییەکانی یەمەن یان عەلەوییەکانی مەغریب. لەوێدا لەو کتێبخانە دوورە دەستانەدا چەندین دۆکیومێنتی نووستوو و قەدەغەکراو هەن کە بە قفڵی گەورە داخراون. بەڵام بێگومان ئەوانە لە هەموو حاڵەتێکدا بە چاکی پارێزراون.

بەمجۆرە خۆمان لە بەردەم کارێکی قەبەی توێژینەوە و ساغکردنەوەی تێکستەکاندا دەبینین کە دواتریش خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژیی زمانەوایی بۆ تێکستی قورئان ئەنجام دەدرێت، ئەمە بەسەر ئینجیل و تەوراتیشدا هاتووە. میتۆدی زمانەوانی، سەرەڕای شێوازە ئاڵۆز و قورسەکەی، دەتوانێت لەو هەستیارییە تەقلیدییە ڕزگارمان بکات کە پەیوەندیی سایکۆلۆجیانەی ئێمەی بەو تێکستانەوە، کۆنترۆڵ کردووە. واتە لە پەیوەندیی سایکۆلۆجیی ئێمە بە تێکستەکانەوە کە هەر لە منداڵییەوە تیاماندا بنجی بەستووە، ڕزگارمان دەبێت. ئەوسا دەتوانین پەیوەندییەکی سروشتی لەگەڵ ئەو تێکستانەدا دروست بکەین و ئەمەیش وامان لێدەکات بتوانین بە ئازادی لێی وردبینەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەین.

دەرکەوتنی عەلمانییەت و پێداگرتنی

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کەمێك لە چەمکی عەلمانییەت قوڵ بینەوە، ئەو چەمکەی بە درێژایی قسەکانمان ناومان هێنا بەڵام بەبێ پشکنین و ئارگۆمێنت. ئەمە رێگەمان بۆ خۆشدەکات بە تەواوی لەو نمایشە مێژووییەی پێشوو تێبگەین کە دەمانباتە سەر خستنە ڕووی پرۆسەی عەلمانیکردن لە ئیسلامدا.

بەپێی ئیتمۆلۆجیا (زانستی ئەسڵی وشەکان) وشەی ***Laicos***ی یۆنانی بە واتای گەل یان میللەت دێ وەکو گشتێك جگە لە پیاوانی ئایین، واتە دوور لە دەستێوەردانی ئەوان لە ژیانی میللەت. لەلاتینی سەدەی سیانزەهەمیشدا دەبینین وشەی ***Laicos*** واتە ژیانی مەدەنی وەك ئەوەی ئەوسا بەکاریاندەهێنا، ئەم مانایە لە یۆنانەوە تا لاتین لە سەدەکانی ناوەڕاست درێژدەبێتەوە. بەمجۆرە جیاوازییەك دروست دەبێت لە نێوان میللەت کە بە هەموو پێدراوەکانیەوە ژیانی تایبەتیی خۆی دەژیا و لە نێوان پیاوانی ئایین کە دەست وەردەدەنە نێو ژیانی خەڵکی بۆ ئەوەی بەشێوەیەك لە شێوەکان زەبتی بکەن ***regular***. با ئەم مەسەلانە چاکتر روون بکەینەوە: میللەت لەناوەندی گریکی یان لاتینیی سەدەکانی ناوەڕاستی خۆرئاواییدا، لە بنەڕەتدا لە دنیای کشتوکاڵی و نێوەندی پیشە دەستییەکان و خەڵکانی ئاسایی لە شارەکاندا پێك دێت. لە واقیعدا ئەو خەڵکانە لە خزمەتی پیاوانی ئایین – ئەکلیرۆس– دا بوون. مەبەستمان لە پیاوانی ئایین ئەو کەسانەیە کە دەسەڵاتێکی دیاریکراویان هەبوو سا دەسەڵاتی سیاسی بێت یان ئایینی یاخود ئابووری.

کەواتە لێرەدا دژایەتییەك هەیە لە نێوان ژمارەیەکی گەورەی خەڵك کە نووسین بەکارناهێنن بەڵام کولتورێکی زارەکییان هەیە، و لە نێوان کەمایەتییەك کە بە شێوەیەکی رێك نووسین بەکاردەهێنێت. ئەم نووسینەیە وا دەکات پیاوانی ئایین دەسەڵاتێکی راستەقینەیان هەبێت، واتە دەسەڵاتی هەژمونگەرایی و دەستوەردان لە ژیانی میللەت. نووسین لەو سەروەختەدا بە تەنها مانای توانای نووسینی نەدەگەیاند، بە تەنها ئیمتیازێکی کولتوریش نەبوو، بەڵکو رەهەندێکی سیحری و ئایینی و پیرۆزیشی لە خۆ گرتبوو. کەواتە پیاوی ئایین هێزێکی قەبە و گەورەی دەنواند کە تەنها بریتی نەبوو لە گەمەی نووسین، بەڵکو ئەو سنورەیشی تێدەپەڕاند بەوەی هەندێجار دەیتوانی شفا بۆ نەخۆش بهێنێت و هەندێجاری تریش دەیتوانی نەخۆش بمرێنێت، دەیتوانی پیرۆزی بخاتە بەر کەسانی دی یاخود

پیرۆزییان لەبەر دابماڵێ هەروەکو ئەمە لە چوارچێوەی مەسیحییەتدا روویداوە.

کاتێك شیکردنەوەکەمان بەو ئاراستەیە قووڵ دەکەینەوە، روونده‌بێتەوە ئەو جیاوازییەی کە مانای ئەسڵی سۆسیۆلۆجی – زمانەوانیی لە نێوان گەل و پیاوانی ئایین دەریدەخات، جیاوازییەکە بەندە بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و کولتووری و دەروونی. ئەو ململانێیە رەهەندێکی سیحریشی لەخۆ گرتبوو. لە راستیدا لەو کاتەدا سنورێکی روون لە نێوان پیرۆزی و سیحری و ئایینیدا نەبوو. جا بۆ ئەوەی بە دوای بنەما و سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەو شتەدا بچین کە ئەمڕۆ بە "عەلمانیکردن" ناوی دەبەین، پێویستە روانگە لە کۆمەڵێك لەو رووداوە بەدواییەکدا هاتوانە بگرین کە لەسەر زەویی کۆمەڵگە بەشەرییەکاندا روویداوە، پاشان روانگەی ئەو پەیوەندییە بەنێویەکداچوانەی نێوان گەل و پیاوانی ئایین بگرین کە بە پێویست چینێکی کەمینەن. گەل لە هەموو چرکەساتێکدا پشتی بەو چینە تایبەتییەی پیاوانی ئایین دەبەست، واتە هەر لە منداڵییەوە (بە تەعمید کردن یان بە خەتەنەکردن) تا خوێندن و فێربوون و ژنهێنان و شووکردن و تا مردن لە هەموو شتێکدا دەگەڕانەوە بۆ لای ئەو کەمینەیە. سەرجەم ئەو چرکەساتە بنچینەییانەی ژیان هەڵگری سیمایەك بوو کە چینی پیاوانی ئایین بە ئەندازەیەکی گەورە دەستیان لە ژیانی میللەت وەردەدا.

ئەگەر لەم تێڕوانینە بەرفراوانەوە سەیری مەسەلەکان بکەین، بە ڕوونی دەردەکەوێت سەرهەڵدانی ئەو شتەی کە ئەمڕۆ بە عەلمانییەت ناوی دەبەین دەسنیشانکردن و وەسفکردنی کارێکی زەحمەتە. لێرەدا گرەوەکە مەسەلەی سەرهەڵدانی ئەقڵانییەت لە خۆرئاوادا و هەموو ئەو ململانێیەی لە نێوان "ئەقڵ" و "ئیمان"دا روویداوە تێدەپەڕێنێت. واتە ئەم کێشەیە زۆر لەوە ئاڵۆزتر و فراوانتریشە. ئەو پەیوەندییەی میللەت بە چینی پیاوانی ئایین گرێ دەدات لەسەرجەم کۆمەڵگە بەشەرییەکاندا هەیە. دەشێت هۆکاری بەردەوامبوونی ئەو پەیوەندییە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە

مەسەلەکان بە تەواوی لەبەرژەوەندیی ئەقلأنییەتدا یەکلانەبۆتەوە تەنانەت لە ولأتە پێشکەوتووەکانیشدا.

پێویستە ئەو بوونە (یان ئەو کەینونەیە) بپشکنین کە ئەو پەیوەندییانە تیایدا دەژین و گەشە دەکەن کە عەلمنانییەت بە ئاینەوە دەبەستێتەوە. دەمودەست تێبینی ئەوە دەکەین ئەم دوو زاراوە دژ بەیەکە (ئایین – عەلمانیکردن) بەس نین بۆ شەرحکردنی بابەتەکە، ئێمە بۆیە ئەو دوو زاراوەیە بەکاردێنین چونکە تا ئێستا جگە لەمانە شتی دیکە لەبەردەستدا نین. لە راستیدا ئێمە کارەکە سادە دەکەینەوە ئەگەر ئەم کێشەیە یاخود ئەو هەموو مشتومڕ و گفتوگۆیە تەنها لەوەدا کورت بکەینەوە کە گوایە بریتییە لە ململانێی نێوان دوو تیۆلۆجیا، یەکێکیان داکۆکی لە ئایین و پیرۆزکردن دەکات و ئەویتریان بریتییە لە پیاوانی زانست و ئەقلأنییەکان یاخود بیریارە ئازادەکان کە داکۆکی لەسەربەخۆیی ئەقڵ دەکەن. دیارە ئەم کێبەرکێ تیۆرسازییە هەمیشە ئامادەیە و بێگومان گرنگیشە، بەڵأم ئەگەر تەنها لەم چوارچێوەیەدا. بیهێڵینەوە، ئەوا مەسەلەکە کورت دەکەینەوە. پێویستە شیکردنەوەکەمان زۆر زیاتر قووڵ بکەینەوە.

لە ڕاستیدا، لە مرۆڤدا کۆمەڵێ ئاتاج و پاڵنەری هاوزەمەن دەبینین – کە ئەمەش خاسیەتێکی ئەنترۆپۆلۆجییە – بە گشتی بە دوو ئاراستەی بنچینەیی و پێکەوە بەستراو دەڕوات. ئاراستەی یەکەم بریتییە لە مەرتەبەی ئارەزوو *Instance du desir* لەتەك هەموو ئەو هێزانەی پاشکۆی ئەو ئارەزووەن. ئەم هێزە فەردی و مێژووییانەیش هێزگەلێکی تاریکن و ئەستەمە وەسف بکرێن و شیبکرێنەوە. بەڵأم تەنها شیکردنەوەی دەروونی – سەرەڕای جیاوازی و ناکۆکیی قوتابخانەکانی – دەتوانێت لایەکی بگرێت و شییبکاتەوە. ئەم ئارەزووە، ئارەزووە لە خوداو هەموو ئەو هێزانەی بەردێژایی مێژوو هێناویەتییە ئاراوە تا دەگاتە ئارەزوویەکی سادەی وەکو منداڵ خستنەوە و دەوڵەمەندبوون و هەژمونداری. لە ڕاستیدا ئێمە ئەم ڕەهەندە بەشەرییە (ڕەهەندی ئارەزوو) زۆر کورت دەکەینەوە و دەیخەینە ناو بازنەی ئاینییەوە کە ئەمەش لە ئەنجامی فێڵزانی و

قۆرخکردنی پیاوانی ئاینییەوە ئەنجام دراوە. ئێمە لەم حاڵەتەدا توێژینەوەکەمان دەشێوێنین و تەنها لە خاڵێکدا کورتی دەکەینەوە کە دژایەتیکردنی ئاینە بەعەلمانیەت، ئەمەش واتە ئێمە هیچ شتێك لەو شتانە تێنەگەیشتووین کە ڕوویانداوە و تا ئێستاش لە مێژووی ئەمڕۆماندا روودەدات.

ئاراستەی دووەم یاخود رەهەندی دووەم کە مرۆڤی پێ جیادەکرێتەوە، بریتییە لە پێداگرتنی لە تێگەیشتن و دەرککردن یاخود ئاقڵبون (التعقل) *Lexigence de Iintelligibilite*، ئەم پێداگرتن و ئاتاجە لە تێگەیشتن لە قووڵایی ناخی مرۆڤدا جێگیرە. لە هەموو سەردەمەکاندا مەسەلەکان بەو شێوەیە بوون. بەڵام لە مێژوودا روویداوە کە ئەم پێداگرتنە لەسەر تێگەیشتن دوچاری بەرگری بۆتەوە و لە ڕێگەی راستی خۆی لادراوە. هەموو ئەو شتانەی پێشتر لە بارەی ئایدیۆلۆجیای پاساو بۆهێنانەوە لە ئیسلامدا باسمان کرد و هەروەها هەموو چیرۆکەکانمان وەك مەسیحی و وەك موسڵمانیش ئەو شتە دەسەلمێنن کە دەسنیشانم کرد. لە رابردوودا چەندین پرۆسەی شێواندن (تەحریفکردن) روویداوە، شێواندن و تەحریفکردنی واقیع تا ئەو سنورەی مرۆڤ ناچار بووە لە پێناوی بەدەستهێنانی ماڧ خۆی لە مەعریفە و تێگەیشتن، تێبکۆشێت. لە نێو ئەم هێڵەی تێکۆشاندا لە پێناوی تێگەیشتن لە شتەکان، مێژووی عەلمانیەت دەچێتە نێو هەمان هێڵەوە. ئەو بەکارهێنانەی لە فەرەنسەدا وشەی عەلمانییەت هەیەتی، زۆر لەوە لاوازترە کە لە واقیعدا هەیە، واتە لە چاو ئەو رەهەندە ئەنترۆپۆلۆجییە زۆر بەرینەی وشەی عەلمانییەت هەیەتی و ئێمە بە "زەرورەتی تێگەیشتن و پێداگرتن لەسەر کەشفکردن و ناسینی قولایی شتەکان" ناوی دەبەین.

بەڵام پێداگرتن لە تێگەیشتن و ئارەزووکردن لە دۆزینەوە، بەر هەموو دەرکەوتنەکانی "ئارەزوو" دەکەوێت، پێویستە "پێداگرتن لە تێگەیشتن" ڕێگەی خۆی بکاتەوە و جەخت لە خۆی بکات. لەم ئاستەشدا دەبێ ئەو "شڵەژانە ناوەکییە"ی لە مرۆڤدا هەیە دیاری بکرێت سا ئەو مرۆڤە سەر بە

هەر ناوەندێکی کولتوری بێت. دەشێت شڵەژانی ناوەکی بە پلە و شێوازی کولتوریی جیاجیا بوونی هەبێت. لە نێو ئەم تێڕوانینەشدا بۆ شتەکان ئەوە روون دەبێتەوە کە عەلمانییەت لە ئەزموونی مێژوویی هەموو گروپێکی بەشەریدا ئامادەیە تەنانەت ئەگەر لە شێوەیەکی لاوازیشدا دەرکەوتبێت. بەڵام بۆی هەیە هێزەکانی "ئارەزوو" لە چرکەساتێکی مێژوودا و لە نێوەندێکی کولتوریی دیاریکراودا بە تەواوی "پێداگرتن لەسەر تێگەیشتن" لەلای مرۆڤ نەهێڵێت و ئەوسا ئەو مرۆڤە ناتوانێت گوزارشت لە خۆی بکات، بەڵام دەشێت ئەم حاڵەتەیش گۆڕانی بەسەردا بێت چونکە هیچ شتێك نییە تا کۆتایی داخراو بێت.

پێدەچێت ئەم نمایشکردنەی ئێمە بۆ مەسەلەکان تایبەت بێت بە حاڵەتی ئیسلامی، لە ڕاستیدا ئەمە لە مۆدێلی خۆرئاوایشەوە وەرگیراوە. سرووش لە شێوەی سیستمێکی مەعریفیی هەژمونداردا بنجی داکوتاوە، لێرەدا سرووش لەلایەن خوداوە هاتووە، کەواتە شتێکی ڕاست و کامڵە و شوێنی قسەلەسەر کردن و گفتوگۆ نییە. تەنها یەك شتی پێویستە ئەویش: دەمودەست بڕوای پێ بکرێت و پراکتیك بکرێت. لە مێژوودا خەڵکی ئەو "سیستمە مەعریفی"یەیان هەرس کردووە و بەشێوەیەکی ئەرتەدۆکسیی پتەو تەفسیریان بۆ کردووە و پاشان لە زەویی واقیعدا بەزۆرەملێ جێبەجێ کراوە. بەمجۆرە هەموو مەرجێکی گونجاو دەستەبەر کرا بۆ لەناوبردنی "پێداگرتن لەسەر تێگەیشتن"، یان لانیکەم بۆ جڵەوگرتنی ئەو پێداگرتنە و پاشان دیلکردنی لە سنورێکی بەرتەسکدا. بەڵام ئێمە دەزانین ئەم جڵەو گرتن و سانسۆرە چ مانایەکی هەیە، بۆیە تێبینیی ئەوە دەکەین کە لێرەدا پێداویستییەکی بەردەوام بۆ خەبات کردن هەیە لە پێناوی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ڕێژەیی فیکر، مەبەستم لە سەربەخۆیی ڕێژەیی ئەو سەربەخۆییە فیکرییەیە لە بەرامبەر باوەڕی دۆگمای ئاینییدا وەستاوە. ئەمەش دوورە لەوەی کە لە حاڵەتی ئیسلامدا جێبەجێ بوبێت و هەندێجاریش لە حاڵەتی مەسیحیشدا هەر بەو شێوەیەیە. کەواتە عەلمانییەت ئامانجێکی هەمیشەییە و دەبێ بەردەوام تازە بکرێتەوە.

بەڵام لێرەدا دەبێ وریا بین، نابێت عەلمانییەتیش بکرێت بە عەقیدەیەکی ئایدیۆلۆجی کە ئازادیی فیکر سنوردار بکات وەك چۆن ئایینەکان ئەمە دەکەن. عەلمانییەتی خەباتگێڕی یاخود عەلمانییەتی توندڕەو کە لە خۆرئاوادا لە دژی پیاوانی ئایین بوو، بەو ئاراستەیە هەنگاوی ناوە. ئێمە دژی ئەم جۆرە هەڵوێستەین هەروەك چۆن دژی هەڵوێستی ئایینیین لە خنکاندنی ئازادیی فیکر.

وەك دەزانین عەلمانییەت بریتییە لە بەرەنگاربونەوەی دەسەڵاتە ئایینییەکان کە ئازادیی بیرکردنەوە لەلای مرۆڤ دەخنکێنێت. لە مێژووی ئاینەکانی ئێمەدا ئەم شتە روویداوە، مەبەستم لە ئاینەکانی کتێبە کە پشت بە تێکستەکانی دەبەستێت و هەمیشە پێمان دەڵێت لەو کتێبەدا وانووسراوە! لێرەوە کەسانی رۆشنگەر بەناوی ئازادیی بیرکردنەوە و پێداگرتن لەسەر تێگەیشتن بە ئاگاهاتن و راپەڕیین، پێداگرتن لەسەر تێگەیشتن وزەیەکی دینامیکییە لە مرۆڤدا کە جیاواز نییە لە وزەی ژیان و هەستانەوەیەکی قووڵ کە دەشێت ئەو مرۆڤە ئازادە لە بەرامبەر تێکستەکانی کتێبی ئاینیدا بڵێت: نا، بڕوانە ئیبن روشد و مارتن لۆتەر و ئیراسم و ڤۆڵتێر و کەسانی دی بە جۆرێکی تر قسەیان کردووە. بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە عەلمانییەت ببێت بە دەسەڵاتێکی باڵا کە جۆری بیرکردنەوەمان بۆ دیاری بکات و پێمان بڵێت بیر لە چی بکەینەوە و سنورمان بۆ بکێشێت کە پێشتر دەسەڵاتی تیۆلۆجی و ئەکلیرۆس (پیاوانی ئایینی مەسیحی) ئەم کارەیان کردووە. عەلمانیەت تەنها تەرکیز دەکاتە سەر پێداگرتن لە ئاتاجی تێگەیشتن و رەخنەگرتن لەناو شڵەژانێکی گشتیدا کە لە مرۆڤدا هەیە.

دەبێ لێرەدا مەسەلەکان قووڵتر بکەینەوە، دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان دیسپلینی ئایینی و دیسپلینی کۆمەڵایەتی یان سیاسی، ئەم دوو چەشنە دیسپلینە بە هەمان رێگە کار ناکەن. ئێمە دەزانین گۆڕەپانی "ئارەزوو" بەر تابووە سێکسی و خۆراکییەکان دەکەوێت، هەروەکو پێداگرتن لە تێگەیشتن و کەشفکردن بەر بیروباوەڕە ئاینییەکان دەکەوێت.

دەبیَ ئەوە بزانین چۆن مرۆڤ هەوڵدەدات خۆی لە هەموو سنور و دیسپلینێك رزگار بكات و هاوكات دیسپلینێكی خودیی دیاریكراو بەسەر خۆیدا پرۆسە دەكات. بۆ نموونە كۆ دەنگی ئیسلامی (ئیجماعی ئیسلامی) كە پێشتر لە بارەیەوە دواین، ئەم ئیجماعە خۆی بەسەر هەموو موسڵمانێكدا دەسەپێنێت. دەشێت "دیسپلینی خودی" رەنگدانەوەی كۆمەڵگای دەوروبەر بێت، بەلاّم لە هەمان كاتدا دەشێت لە "ناوەوە"یش هاتبێت، واتە لە ناوەوەی مرۆڤدا هاتبێت هەروەكو ئەمە لەلای سۆفیستەكاندا دەبینین. لێرەدا هەست بە هەموو ئیشكالیەتەكانی تاكی بەشەری دەكەین كە لە كۆمەڵگەدا دەژی. بۆ نموونە (حەللاج) شەهیدی سۆڤ كە لە بەغدا لە خاچدرا، یان (ئیبن روشد) ئەو فەیلەسوفەی لە قورتوبەدا بەڕەسمی ئیدانەكرا، ئەمانە دوو نموونەی روونی ئەو شتەن كە باسم كرد.

بەرەو پرۆسەیەکی عەلمانییانەی ئیسلام

لەژێر رۆشنایی ئەو شتانەی باسم کردن، دەڵێم پێداچوونەوەیەکی رەخنەگرانەی مێژووی ئیسلام و کەلەپوری ئیسلامی، ئەمرۆ لە هەموو رۆژێ زیاتر خۆی دەسەپێنێت، ئەمەش پێویستیی بەکارێکی قەبە و گەورە هەیە، لێرەدا دەبێ دان بەو پێشکەوتنە گەورەیەی خۆرئاوادا بنێین کە لەو بوارەدا سەدان کاری رەخنەگرانەی گرنگی بەرهەمهێناوە.

ئێمە ئەمرۆ، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئیسلامدا، چەندین پرسیار دەبینین کە بە ئاراستەی گومانێکی بەردەوام و پەیدەرپەی دەخرێنەڕوو. ئەم گوزارشتە چەرخێکمان بیر دەخاتەوە کە بە (چەرخی گومان) ناودەبرێت و ئەمەیش لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەلایەن مارکس و نیچەدا دەرگاکانی کرانەوە. ئیسلام لە مێژووی خۆیدا هەرگیز شتێکی لەو چەشنەی بەخۆوە نەبینییوە. بێگومان ئێمە دەزانین لێرەدا پراکتیزەگەلێکی نێگەتیڤانە بۆ "گومان" هەیە، بۆ نموونە بەکارهێنانی خەباتگێڕی و سیاسیی مارکسیزم کە بە شێوەیەکی روکەشانە بەکاربراوە و هەستی جەماوەریان وروژاندووە تا لە دژی زوڵم و زۆرداری راپەڕێت، ئەمە شتێکی ڕەواو داواکراوە. بەڵام لە هەمان کاتدا کارکردن بەم ئاراستەیە لە زۆر شوێندا بووە مایەی

دۆگماکردنی مارکسیزم و لە راستیدا مارکسیزم گۆڕاو بوو بە کۆمەڵێ قاڵبی فیکریی کۆن و پیر و وشك.

هەروەها تێبینی ئەوە دەکەین کە مارکسیزم تا ئەمڕۆش بەشێوە ئیجابییەکەی نەلە فیکری هاوچەرخی عەرەبی و نە لە فیکری ئیسلامیدا نەناسراوە. دەتوانین هەمان شت سەبارەت بەو رەخنانە بڵێین کە نیچە لە مەسیحییەتی گرتووە. ئەو رەخنەیە قابیلی ئەوەیە بەسەر ئیسلامدا پراکتیك بکرێت.

ئەگەر لەم تێڕوانینەوە تەماشای سەرانسەری مێژوو بکەین، ئەوا دەشێت زەمینە خۆشبکرێت بۆ پرۆسەی عەلمانییانەی ئیسلام، ئەمەیش لەژێر تیشکی ئەو سنورەی پێشتر بۆ عەلمانییەتمان کێشا. ئەوسا دەشێت عەلمانییەت لەو کۆمەڵگایانەدا بڵاوبێتەوە کە ئیسلام تیایاندا ئایینی ڕەسمییە (بەڵام کەی؟). ماوەیەکی درێژە خۆرئاوا خەوشێك لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان یاخود لە ئیسلام دەگرێت کە ئیسلام زەمەنی و رۆحی تێکەڵدەکات، واتە دونیایی و ئایینی تێکەڵدەکات. ئەمە شتێکە لەلای ئەوان روونە، بەڵام هۆیەکەی ناگەڕێتەوە بۆ خودی ئیسلام وەك ئاینێك و ناگەڕێتەوە بۆ سروشتە جەوهەری و ئەزەلییەکەی، چونکە ئیسلامیش هەروەکو مەسیحییەت بەهەمان رێگە کاریان کردووە. لە راستیدا هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگە "ئیسلامییەکان" تا ئەمڕۆش فیکرێکی رەخنەگرانەی گەورەیان نەناسیوە، تا ئەمڕۆش رەخنەیان لە کەلەپوری خۆیان نەگرتووە وەك چۆن خۆرئاوا ماوەیەکی زۆرە دەستیان کردووە بە رەخنەگرتن لە کەلەپوری خۆیان.

بۆ ئەوەی قسەکەمان کورت بکەینەوە کە زۆر درێژەمان پێدا، با لە دوو خاڵی گرنگ بدوێین (و لە ڕاستیدا گەلێ خاڵی تریش هەن). خاڵی یەکەم پەیوەستە بە (دەوڵەتی ئیسلامی) و پێشتر کە باسی خەلافەتمان کرد لەم خاڵە دواوین. دەوڵەتی ئیسلامی لە سەرەتادا بە دوای پاساوێکی دینیدا دەگەڕا. ئەمە هیچ گومانێکی تیا نییە. بەڵام لە واقیعدا ئەو دەوڵەتە لە بنەڕەتدا عەلمانی بووە و وەکو هەر دەوڵەتێکی تری تازە پێگەیشتوو

ڕووبه‌ڕووی گرفتی ڕێکخستنی کۆمه‌ڵگه‌ بۆوه‌. لێره‌دا چه‌ندین نموونه‌مان له‌به‌رده‌ستدایه‌. یه‌کێ له‌ گرنگترین ئه‌و نموونانه‌، ئه‌و په‌یامه‌یه‌ که‌ ئیبن موقه‌ففه‌ع له‌ ساڵی 750 زایینییدا نووسیویه‌تی و تایبه‌ته‌ به‌ دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌ت و بونیادو ده‌زگاکانی ده‌وڵه‌ت. ئیبن موقه‌ففه‌ع نووسه‌رێکی ئێرانی بوو و شاره‌زاییه‌کی باشی له‌ که‌له‌پوری ئێرانی هه‌بوو. په‌یامه‌که‌یشی ئیلهام وه‌رگرتن بوو له‌ شێوه‌ و ڕێکخستنی ده‌وڵه‌تی ئێرانی که‌ به‌ر له‌ ئیسلام به‌ماوه‌یه‌کی درێژ له‌ سه‌رده‌می ساسانییه‌کاندا هه‌بوو. له‌ ڕاستیدا ده‌وڵه‌تی عه‌بباسی که‌ له‌ ساڵی 750 زایینییدا دامه‌زرا، وێنه‌یه‌کی کۆپیکراوی بونیادی ده‌وڵه‌تی ساسانی بوو.

ئیبن موقه‌ففه‌ع په‌یامێکی بچووکی نووسی به‌ ناونیشانی "په‌یامی یاوه‌ران" (رسالة الصحابة)، ئیبن موقه‌ففه‌ع له‌و نامه‌یه‌دا بونیاده‌کانی ده‌وڵه‌ت و دامه‌زراوه‌کانی ده‌سنیشانده‌کات، واته‌ بونیاده‌کانی ده‌وڵه‌تی عه‌بباسی دیاری ده‌کات که‌ له‌ به‌غدا داده‌مه‌زرێت بێئه‌وه‌ی بگه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ئایین. نووسه‌ر له‌و نامه‌یه‌دا کۆمه‌ڵێ کێشه‌ی هه‌ستپێکراو و ماتریالی ده‌خاته‌ ڕوو، بۆ نموونه‌ شێوازی حوکمی سوریا و عێراق و چۆنێتیی گه‌ڕاندنه‌وه‌ی ئاسایش و ئارامی بۆ ئه‌و دوو ناوچه‌یه‌، ده‌ره‌نجامی ئه‌مه‌یش بووه‌ هۆی ده‌رکردنی چه‌ند بڕیارێك که‌ په‌یوه‌ست بوون به‌ سوپا و پۆلیس و دادوه‌ری. ئیبن موقه‌ففه‌ع هه‌موو ئه‌م شتانه‌ به‌ کۆمه‌ڵێ وشه‌ و گوزارشتی پۆزه‌تیڤیستی شێده‌کاته‌وه‌ به‌بێ پشت به‌ستن به‌ بیرۆکه‌ی وه‌همیی یاسای ئایینی ئیسلامی.

ئێمه‌ لێره‌دا له‌به‌رده‌م دۆکیومێنتێکی مێژوویی گرنگداین، ئه‌و دۆکیومێنته‌ چۆنێتی سه‌رهه‌ڵدانی ده‌وڵه‌تی نوێمان پیشانده‌دات که‌ ڕووبه‌ڕووی کۆمه‌ڵێ گیروگرفتی تایبه‌ت به‌هه‌ر ده‌وڵه‌تێکی تازه‌ له‌دایك بوو ده‌بێت. هه‌موو ئه‌و شتانه‌ له‌ نێو تێڕوانینێکی عه‌لمانییانه‌ ڕوویاندا. به‌مجۆره‌ ده‌شێت به‌هۆی میتۆدی مێژوویی ڕه‌خنه‌گرانه‌وه‌ ڕاستییه‌ مێژووییه‌کان ئاشکرا بکه‌ین.

لێرەدا خاڵێکی تر هەیە کە لەوانەیە سەبارەت بە عەلمانیکردنی ئیسلام گرنگییەکی زیاتری هەبێت، ئەو خاڵەش بەندە بەو شتەی کە موسڵمانەکان بە (شەریعەت) ناوی دەبەن، شەریعەت بەمانا ئەسڵییەکەی (بە مانا ئیتمۆلۆجییەکەی) واتە: ئەو ڕێگا ڕاست و دروستەی بەرەو خودا دەچێت. لێرەدا تێگەیشتنێکی تەقلیدی بۆ شەریعەت هەیە کە لە هەندێ وڵاتدا بە تایبەتی لە کەنداوی عەرەبیدا پرۆسەکراوە. شەریعەت بریتییە لە چەند پرەنسیپێك کە هەموو لایەنێکی یاسا دەگرێتەوە، بۆ نموونە لایەنی مەدەنی و دامەزراوەیی و کێشەکانی تاوان، هەموو ئەو یاسایانە لە کۆمەڵگەدا جێبەجێ دەکرێت. کەچی موسڵمانان بە چەشنێك ئەو یاسایانەیان وەرگرتووە و بەجۆرێك نواندویانە و تیایدا ژیاون وەك ئەوەی ئەو یاسایە خاوەنی بنەمایەکی خودایيە، لە ئاگایی ئیمانیی ئەواندا بەجۆرێك بنچی داکوتاوە وەك ئەوەی یاساکان لە تێکستەکانی قورئان و لە فەرمودەکانی پێغەمبەرەوە بەرهەم هێنراون. بەمجۆرە کاتێك بۆ نموونە یەکێ لە موسڵمانەکان دەچێتە دادگا – دادگای قەزایی – ئەوا لە نێو چرکەساتی دادوەریی خوداییدا دەژی!! بە درێژایی چەندین سەدە لە سەرانسەری کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا مەسەلەکان بەو شێوەیە پرۆسە کراون، سا ئەو کۆمەڵگایانە مەدەنی بووبن یان لادێیی هەر بەو تەشریعە (یان بەو یاسایە) گۆشکراون و بەسەریاندا سەپێنراوە وەك ئەوەی بە فیعلی ئەمە تەشریعێکی – یاسایەکی – خوداییە.

بەر لەوەی قسەکانمان لە بارەی شەریعەت کۆتایی پێ بهێنین، دەبێ لێرەدا تێبینییەکی گرنگ تۆمار بکەین، لە ڕاستیدا شەریعەت بەسەر هەموو وڵاتە ئیسلامیەکاندا پراکتیك نەکراوە، چونکە دنیای شوانکاری و کشتوکاڵی تا ئەندازەیەکی زۆر دوور بووە لەو یاسایە. شەریعەتیش لە بنەڕەتدا بەندە بە دەوڵەتی مەرکەزییەوە، واتە بەندە بە دەسەڵاتی خەلیفەوە کە هەر خۆی قازیی گەورە (قازیی قوزات) دیاری دەکات، ئەمیش لەلای خۆیەوە قازی (یان: دادوەر)ی شوێنەکانی تر دەسنیشاندەکات و.. هتد. کەواتە پراکتیککردنی شەریعەت و درێژبوونەوەی جوگرافیی دەوەستێتە

سەر ئاستی بلاوبونەوەی دەسەلاتی دەوڵەتی مەرکەزی. هیچ رۆژێ ئەو دەسەلاتە دەسەلاتێکی گشتگیر و سەرجەمگیر نەبووە. بۆ نموونە لە جەزائیری بەر لە رزگاریدا، واتە تا ساڵی 1962، بەشێکی گرنگی ولات شەریعەتی تیادا پراکتیك نەکراوە، بەڵکو لەوێدا یاسای لۆکاڵی (یاسای عورف) جێبەجێ دەکرا کە دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە ئیسلام. بەلام لەو ساڵە بەدواوە دادوەری بەپێی شەریعەت یەك خراو بەسەر هەموو ولاتدا جێبەجێ کرا.

لێرەدا ئەو پرسیارەی خۆی دەخاتەڕوو، بەم شێوەیە:

چۆن ئەوە روویدا کە ملیۆنەها کەس باوەڕیان بەوە هێنا کە شەریعەت خاوەنی بنەمایەکی خوداییە؟ پێویستە میتۆدی تەفکیکی و شیکردنەوەی زانستی وەلامی ئەم پرسیارە بداتەوە. ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین وەلامی بدەینەوە.

بەپێی گێڕانەوەی ڕەسمی، شەریعەت پلە بە پلە بەهۆی کاری ئەو دادوەرانەوە شکلی گرت کە دەبوو گیروگرفتە زۆر و جیاجیاکانی موسڵمانان چارەسەر بکەن. میتۆد و رێبازی ئەوان بریتی بوو لە گەڕانەوە بۆ تێکستەکانی قورئان تا چارەسەری لێدەربێنن، واتە بڕیاری کۆتایی بەشێوەیەك لە شێوەکان لە قورئانەوە دەردەهێنرا. سەرجەمی ئەو ئەحکامانە دواتر و لە ساتەوەختی سێ سەدەی یەکەمی کۆچیدا کۆکرانەوە تا ژمارەیەکی گەورەی ئەحکامی دادوەری پێکبهێنرێ. ئەو تێکستە فیلۆلۆرجی و دادوەرییانە سەر بە چوار سەرکردەی مەزهەبەکانن: مالك بن ئەنەس، ئەبوحەنیفە، شافعی، ئەحمەد بن حەنبەل. کەلەپوور نەوە لە دوای نەوە ئەحکامی ئەمانەی پاراستووە تا گەیشتۆتە ئەمرۆ. لێرەوە ئەم چوار قوتابخانە فیقهییە دروست بوون: (مالکی و حەنەفی و شافعی و حەنبەلی). ئەمانە ئەو قوتابخانە ئەرتەدۆکسییانەن کە جیهانی ئیسلامییان دابەش کرد، بێگومان جگە لە قوتابخانە شیعییەکانیش.

ئەمە گێڕانەوەی رەسمیی ئەو چیرۆکەیە کە خۆرهەلاتناسان خستیانە مەحەکی رەخنەی مێژووییەوە. ئەو خۆرهەلاتناسانە (بۆ نموونە: گۆلدزیهر،

شاخت.. هتد) سەلماندیان کە شتەکان بەشێوەیەکی تر روویانداوە، ئەو گێڕانەوەیەیش کە کەلەپوور دایهێناوە جگە لە وەهمێك شتێکی تر نییە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە تا سیفەتی خواوەندیی بەسەر یاسایەکدا بدرێت کە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤیستی لەناو کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا جێبەجێ کراوە.

لە راستیدا لە نیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی کۆچیدا، کاری قازییەکان لە بنەڕەتدا لەو نەریتە لۆکاڵییانەوە ئیلهامی وەردەگرت کە بەر لە ئیسلام هەبوون و ئەو نەریتانەیش بەپێی شوێنەکان جیاوازبوون. رای تایبەتی قازییەکان رۆڵی یەکلاکەرەوەی لە کێشەکاندا دەبینی. کەچی گەڕانەوە بۆ یاسای قورئانی بە ئەندازەیەکی کەم کاری پێکراوە و بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ بووە نەك بە شێوەیەکی سیستماتیك وەك ئەوەی کەلەپوری رەسمی هەوڵدەدات وامان تێبگەیەنێت.

رێك لەبەر ئەم هۆیە، شافعی لە بەرامبەر ئەو دۆخە ناجێگیر و ئاژاوەیەدا – واتە دۆخی پەرتبونی دادوەرەکان، و جیاوازیی ئەحکامەکان بەپێی جیاوازیی شوێن و جیاوازیی دادوەران، کە ئەمە مەترسییەك بۆ یەکێتیی ئوممەی ئیسلامی پێکدەهێنێت– لە بەرامبەر دۆخێکی وادا شافعی لە نێوان سالآنی (800ز–820ز)دا پەیامە ناودارەکەی نووسی کە تیایدا میتۆدی یاسا دیاری دەکات. ئەم پەیامە تیۆرییە کارێکی دواتر و لە پاش شێوەگرتنی ئەحکامە دادوەرییەکاندا بوو. جگە لەمەش یەکێکە لەو نووسینە جوانانەی فیکری ئیسلامی کلاسیکی بەرهەمی هێناوە. ئەو پەیامەی شافعی لە چوار پرەنسیپدا رێساو بنچینەی یاسا دەخاتە ڕوو:

1–قورئان، 2–فەرمووده، 3–ئیجماع (بەلآم ئیجماعی کێ؟ ئاخۆ ئەوە ئیجماعی هەموو ئوممەیە یان تەنها ئیجماعی فوقەهاکانە؟ پاشان فوقەهای چ سەردەمێك و چ شارێك؟ وەلآم نییە.)، 4–پێوەر.

ئەمە ئەو فێڵە گەورەیە بوو کە رێگەی بۆ ئەو وەهمە کردەوە کە گوایە شەریعەت خاوەنی ئەسڵێکی خوداییە. پێوەر رێگە بۆ چارەسەری گیروگرفتە تازەکانی ژیانی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان خۆشدەکات، واتە ئەو

حاڵەتانەی یاسا و فەرموودەکان بەلایاندا نەچوون. بەم شێوەیە هەموو یاسای داهێنراو پیرۆز دەکرێت. هەموو ئەم کارە شتێکە درەنگ روویدا. ئەو یاسایەی بە یاسای ئیسلامی ناوزەد کراوە، لە ڕووی زەمەنییەوە، بەر لەسەرهەڵدانی ئەم پرەنسیپە تیۆرییانە شێوەی گرتووە کە بووە مایەی دیسپلین کردن و پیرۆزکردنی یاسا.

لە سەرێکی تر، دەبێ ئاماژە بۆ ڕاستییەکی گرنگ بکەین، ئەویش: ئەو چوار پرەنسیپە توانای پراکتیزەیان نییە! یەکەم: خوێندنەوەی قورئان جیاوازییەکی گەورەی تەفسیری وروژاندووە. بەڵام مەسەلەی فەرموودە، ئەوا کێشەکە زۆر سەختترە، چونکە فەرموودە بریتییە لە ناکۆکییەکی بەردەوام جگە لە هەندێ فەرموودەی کەم نەبێت کە بە ئاستەم دیاری دەکرێت.

ئێمە دەزانین لێرەدا دوو کەلەپوور لە فەرموودەدا هەیە، کەلەپوری سوننی و کەلەپوری شیعی، ئەم دوو کەلەپورە بە تەواوی لێکدابڕاون. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەو (شەریعەت)ەی بەفیزەوە باسی دەکەن، لە بنەماکانیدا لەلای شیعەو سوننە، یەك شەریعەت نییە. سەبارەت بە (ئیجماع)یش کە زۆر بە دەگمەن بەدی هاتووە، بریتییە لە پرەنسیپێکی تیۆری کە تەنها بەسەر هەندێ مەسەلەی گەورەدا پراکتیك کراوە بۆ نموونە شێوەگرتنی تێکستی قورئانی و، نوێژو، ئاهەنگێڕان لە جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەر و..

بەمجۆرە ئاستی ئەو مەترسییە گەورەیە دەبینن کە لە هەموو ئەو چیرۆکەوە دێتە بەرهەم، واتە چیرۆکی پێکهێنان و شێوە گرتنی شەریعەت. بە تایبەتی ئەگەر زانیتان کە ئەم شەریعەتە دەبێ تەحەکوم بە ژیان و هەڵسوکەوتی هەموو موسڵمانێکەوە بکات و تەنانەت بە بیرکردنەوەی لە هەموو چرکەساتێکی ژیانیدا. بەمجۆرە تێکەڵبونێك روویدا لە نێوان یاسای شەرعی *Legal* و ئاینیدا *religiens*، یان لە نێوان زەمەنی و رۆحیدا.

دەبێ ئەوە بزانن کە ماوەیەکە پراکتیزە کردنی میتۆدی مێژوویی رەخنەگرانە بەسەر ئەو کێشە گرنگەدا هاتۆتە بوون بەڵام دوچاری

زەحمەتی و ئاستەنگی گەورە دەبێت. هەڵوێستی موسڵمانان لە شەریعە جۆرێك لە تەقلیدی کۆیلەیی و سکولاستیکی دەنوێنێت کە بە هۆی فێرکردنی تەقلیدی و تەلقین و بەزۆر پیێ لەبەر کردن بە درێژایی نەوەکان بنجی داکوتاوە.

راستە هەمیشە لە ئیسلامدا روناکبیری ئازاد هەبوون، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا گومانیان لێکراوە و ئیدانە کراون. لێرەدا دەبێ ئاگاداری چارەنووسی فەلسەفە بین لە ئیسلامدا، ئەو فەلسەفەیەی کە لە بارەیەوە دەیانوت جگە لە دەنگدانەوەیەکی لاوازی فیکری یۆنانی شتێکی تر نییە، بەڵام لە راستیدا وانییە. ئیسلامی ڕەسمی (واتە ئیسلامێکی دۆگما کە دواتر بالاْ دەست بوو) ڕێگر بوو لەبەردەم بوژانەوەی فەلسەفەی ئیسلامیدا.

لێرەدا هەمیشە کێبەرکێیەك هەبووە لە نێوان فیلۆلۆجیستەکان – فەقیهەکان (پاسەوانانی دەوڵەت) کە پاساویان بۆ کارەکانی دەوڵەت دەهێنایەوە و جێبەجێکردنی شەریعەتیان دەستەبەر دەکرد، و لە نێوان تێڕامانی فەلسەفی کە ڕەخنەی لە شتە بنچینەییەکانی تایبەت بە راڤەکردنی تێکستەکان دەگرت و هەروەها ڕەخنەی لە ڕێکخستنی کاروباری دونیایی لە کۆمەڵگەدا دەگرت. بەڵام (ئیبن روشد) بەبێ هیچ گومانێك کەسێکی زۆر جیاواز بوو، چونکە لە کەسیی خۆیدا دوو شتی کۆکردبووەوە: 1-پیشەی دادوەری –کە ئەو دادوەرێکی گەورەبوو لە قورتوبەدا– و 2–فەلسەفە. بەڵام کارە بڵندەکەی دادوەریی، نەیتوانی لە بێزاریی سەرجەم ئەو فەقیهانەی تر بیپارێزێت کە ئیدانەیان کرد و پاشان زیندانییان کرد.

جا بۆ ئەوەی بە چاکی لەم دۆخە تێبگەین، واتە دۆخی بەسووك تەماشاکردن و دوورخستنەوەی بەردەوامی فەلسەفە لە کەشوهەوای ئیسلامیدا، ئەوا دەبێ بڕوانینە ئەو شتانەی بە فیعلی لە خاکی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا روویانداوە بە تایبەتی هەر لە سەدەی دوانزەهەمی زایینیی و سەدەکانی دواتریشدا.

ئەو کۆمەڵگایانە کە هەم لە ناوەوە و هەم لە دەرەوەیشدا هەڕەشەلێکراو بوون، هەمیشە ناچاربوون سیستمێکی ئاسایشی تایبەتی دابمەزرێنن. لە

دۆخێکی وەهاشدا مومکین نییە فەلسەفەی ڕەخنەیی بەشداری لە بناغەدانانی ئەو سیستەمەدا بکات، بگرە بە پێچەوانەوە "ڕەخنە" دەبێتە مەترسی و هەڕەشە. تەنها شەریعەتێکی توند و کاریگەر لە دەروونی خەڵکیدا، دەتوانێت پاڵپشتێکی گەورەی ئەو جۆرە رژێمە بێت. تەنها ئەو شەریعەتە توانی لە بەرامبەر بزووتنەوە ڕەخنەییەکانی ناوخۆدا بوەستێت و هەروەها ڕووبەڕووی مەترسییە دەرەکییەکانیش بێتەوە کەخۆی لە مەترسیی خۆرئاوادا دەبینییەوە. ئەو بارودۆخە تا رۆژی ئەمڕۆمان هەر بەردەوامە. شەریعەت یەك زمان و یەك سیستمی بەهای ئامادە دەنوێنێت کە دەتوانێت لە چرکەساتە گەورەکانی گۆڕانکاریدا جەماوەر ساز و ئامادە بکات. ئەمڕۆ شەریعەت لە خزمەتی ئایدیۆلۆجیای بنیاتنانی نیشتمانیدا بەکاردەهێنرێت وەك چۆن لە رابردوودا خزمەتی سولالەو دەسەڵاتە یەکلەدوای یەکەکانی کردووە. لە نێو بارودۆخ و مەرجێکی لەو چەشنەدا دەبینین مەسەلەی عەلمانییەت بەهێزەوە خۆی دەخاتە ڕوو.

کۆتایی:
هێزی دیاردەی قورئانی

ئێمە پێشتر لە بارەی مەسەلەی "دیاردەی قورئانی" و چۆنێتی گەشەکردن و شێوەگرتنیدا دواوین، ئێستایش شتێکی قووڵتر نمایش دەکەین کە دەشێت توانای ئەوەمان پێ ببەخشێت دەرەنجامەکانی راڤە بکەین و لە هۆکارەکانی ئەو کاریگەرییە تێبگەین کە بە درێژایی سەدەکان بەسەر خەڵکیدا هەیەتی. دەبێ هەر لە سەرەتاوە جیاوازی بکەین لە نێوان "دیاردەی قورئانی" و "دیاردەی ئیسلامی"، وەك چۆن لە مەسیحییەتدا جیاوازی دەکرێت لە نێوان دیاردەی ئینجیلی و دیاردەی کەنیسەیی – دەزگایی.

قورئان، هەروەکو ئینجیلەکان، بریتییە لە چەندین میتافۆری بڵند کە لە بارەی دۆخی بەشەرییەوە دەدوێت. ئەو میتافۆرە (مەجاز) مومکین نییە ببێت بە یاسایەکی ڕوون. وەهمی گەورە بریتییە لە باوەڕی ملیۆنەها کەس

کە گوایە ئەو گوزارشتە مەجازییانە دەتوانن ببن بە یاسایەکی ئیشکەر و ئاکتیڤ و ببن بە چەند پرەنسیپێکی دیاریکراو کە لە هەموو کات و شوێنێکدا جێبەجێ دەکرێت و بۆ هەموو زەمان و زەمینێك دەگونجێت. هەموو ئەم شتانە لەسەدەکانی پێشوودا بە حەتمی روویانداوە، چونکە کۆمەڵگە ناچاربووە پەنا بۆ جۆرێك لە دیسپلین ببات و بەبێ ئەو دیسپلینە ئاژاوە بڵاودەبێتەوە. کۆمەڵگە بەشەرییەکان ناتوانن بە درێژایی ژیان هەر لە سەر زمانی میتافۆر (مەجاز) بژین. میتافۆر تێڕامان و خەیاڵ و بیر و کار متوربە دەکات و هەروەها ئارەزووی جێهێشتنیش متوربە دەکات، میتافۆر وزەیەکی فرە و دینامیکیمان تیادا دەوروژێنێت، بەڵام لێرەدا مرۆڤی هەستیار هەن و لە کۆمەڵگەدا دەژین و ژیانی تایبەتی و جیاوازی خۆیان هەیە کە ئەمەیش پێویستیی بە چەشنێك لە ڕێکخستن و دیسپلین هەیە. بەمجۆرە شەریعەت هاتە ئاراوە.

دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ هەموو ئەو کەشوهەوا میتۆلۆژی (ئەفسانەیی)یە بکەین کە لە میانیدا پرۆسەی تێپەڕین لە قۆناغی میتافۆرەوە بۆ قۆناغی بەدەستهێنانی یاسایەکی توند و رۆشن ئەنجام درا، ئەو یاسایەیش بریتییە لە شەریعەت. دەبێ ئەم مەسەلەیە لەلای موسڵمانان و مەسیحییان و گەلانی تریشدا بپشکنین. ئەو کەشە ئەفسانەییە (میتۆلۆژییە) کە دەسەڵاتی بەسەر نەوەکانی پێشوودا هەبوو، بناغەی بۆ ئەو وەهمە گەورەیە داڕشت، واتە رۆیشتن لە (ئیرادەی خوداوە) کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا گوزارشتی لێکراوە بەرەو یاسا فیقهییەکان (شەریعەت). لە راستیدا لێرەدا چەندین جۆری جیاواز لە ئاخاوتن (یاخود گوتار) هەیە. لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان گوتاری شیعری یان ئایینی / و گوتاری یاسایی فیقهی یان فەلسەفی. مومکین نییە بتوانین لە دوو گوتاری یەکەمەوە بەرەو گوتارەکانی تر هەنگاو بنێین تەنها بەزۆرە ملێ و بەزۆرداری نەبێ.

سەرباری ئەو پێداچوونەوە رەخنەییانە، ئێمە ناتوانین بوونی هێزی گەورەی "دیاردەی قورئانی" و هەروەها دیاردەی ئینجیلی فەرامۆش بکەین. ئەم هێزە بەهۆی کۆششی هەندێ لە کەسایەتییە ئایینییە گەورەکان

و هەندێ لە کەسایەتییە روناکبیرەکان، بەردەوام بوو، هەروەها بەهۆی هێزی دەوڵەتیشەوە کە بە پێی بارودۆخ و وەرچەرخانە مێژووییەکان کاری کردووە.

بەڵێ لێرەدا هێزێك هەیە مێژوو و سەدەکانیش دەبڕێت. ئەم هێزە بوونی هەیە بێئەوەی بتوانین لە قورئان یاخود لە ئاخاوتنەکانی مەسیحدا بەوردی شوێنەکەی دیاری بکەین. ئەم هێزە لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا فۆرمێکی لە زمانی عەرەبیدا بۆ خۆی گرت. باشە چۆن ئەمە روویدا؟ ئەمەیە پرسیارە گەورەکە. چۆن ئەم هێزە توانی ئەو دیاردە سەرسوڕهێنەرە (واتە قورئان) بەرهەم بهێنێت، ئەو دیاردەیەی لێرە لە دوورگەی عەرەبی و بە زمانی عەرەبی تەقییەوە.

ئەمە ئەو پرسیارە گەورەو قەبەیەیە کە چاوەڕێی وەڵام دەکات. دەبێ بە جۆرێك وەڵامی بدەینەوە جیاواز بێت لە وەڵامی زانستی مێژوویی – فیلۆلۆجیی خۆرهەڵاتناسەکان کە بۆ نموونە ئایەتێکی قورئانییان دەهێناو لە بەرامبەر کۆپلەیەك لە ئینجیل یان تەورات دایان دەناو بەراوردیان دەکرد.. هتد، کاری لەو چەشنە (واتە قۆناغی فیلۆلۆجی) بێگومان چاکە و پێویستیشە بەڵام بەس نییە. ئێمە بانگەشە بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی جیاواز دەکەین کە فراوانتر و سەرجەمگیرتر بێت، بە پشکنینێکی قوڵەوە لەسەرانسەری مێژووی ئایینی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بدوێت. بە کارێکی لەم چەشنە بەشدارییەکی کاریگەر لە پێشخستن و نوێکردنەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا دەکەین لە میانی مۆدێلی ئیسلامیدا. ئەمەیە بواری کاری "ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی" کە بەو پەڕی تواناوە لە پێناوی دانانی بناغە و دامەزراندنیدا تێدەکۆشین.

پەراوێزەکان

1-کتێبە ئامارە پێکراوەکەی رۆجی باستید بەمجۆرەیە:

Roger Bastide: Anthropologie appliqué. Ed. Payot. 1971

ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی ناونیشانی ئەو میتۆدەیە کە ئارکۆن پەیڕەویی دەکات و ئەمەش تا ئەندازەیەکی گەورە جیاوازە لە میتۆدی خۆرهەڵاتناسی یان ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی. بۆ زیاتر شارەزابوون لە بارەی ئەم خاڵە بڕوانە بەشی یەکەمی کتێبەکەی ئارکۆن (بەرەو رەخنەگرتن لە ئەقڵی

ئیسلامی) کە بەم ناونیشانەیە: " بەرەو ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی". (ئەم کتێبەی ئارکۆن لە چاپی وەرگێڕانە عەرەبیەکەیدا بووە بە: مێژووگەرایی بیری عەرەبی ئیسلامی – تاريخية الفكر العربى الاسلامى – واتە ئەم کتێبەی لە بەردەستماندایە و "ئیسلام و بەعەلمانیکردن"ەکەیمان تیادا وەرگێڕاوە. و.ك).

2–بۆ روونکردنەوەی زیاتری هەڵوێستی ئارکۆن سەبارەت بەم خاڵە، دەبێ بڵێین کرانەوەی مارۆنییەکان بەرامبەر خۆرئاوا لە میانی مەسیحییەتەوە، بەرەو بنجداکوتانی ئەو بیرۆکەیەی بردن کە دەڵێ مەسیحییەت هەر لە سەرەتاوە (رۆحی) ی لە (زەمەنی) جیاکردۆتەوە: ئەم بیرۆکەیە ئەفسانەیە و حەقیقەتی مێژوویی نانوێنێت. پاشان واقیعی مێژوویی و حاڵی حازریش پێمان دەڵێن مارۆنییەکان لە موسڵمانان عەلمانیتر نین. دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە مەسیحییەتی خۆرهەڵات سەبارەت بە مەسەلەی عەلمانیەت هەمان هەڵوێست و هەمان ئەو کەلەپورەی نییە کە مەسیحییەتی خۆرئاوا هەیەتی. عەلمانییەت دەستکەوتێکی خۆرئاواییە و پەیوەستە بە مێژووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە فەرەنسە و ئینگلتەرە و پاشان ئەڵمانیا هەر لە سەرەتای بزوتنەوە ریفۆرمیستەکان و رێنیسانس لە سەدەی شانزەهەمدا، پاشان ئەمە دەرەنجامی فەلسەفەی رۆشنگەرییە لە سەدەی هەژدەهەمدا و لە کۆتاییشدا ئەو بزوتنەوە زانستی و پیشەسازییەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا گەشەی کرد. لەبەرئەوە کاتێك مارۆنییەکان دەڵێن لەم لایەنەدا لە موسڵمانەکان لە پێشترین، ئەمە راست نییە و بانگەشەیەکی نادروستە. قسەکردن و گفتوگۆ لەبارەی عەلمانییەت بەو شێوەیەی لە لوبناندا خرایە ڕوو، پتر مەسەلەیەکی جیدالی و سیاسییە نەك گفتوگۆیەکی زانستی و رۆشنبیری.

3-Georges Balandier: Anthropologic Politique, P.U.F. ed. 1969.

4–لێرەدا ئارکۆن جیاوازی لە نێوان ئەفسانە و مێژوودا دەکات بە پێچەوانەی پۆزەتیڤیستە توندڕەوەکان کە جگە لە راستییە جێگیرەکان و

ڕووداوەکان شتێکی تر لەبەرچاو ناگرن. ئارکۆن لە لێکۆڵینەوەی مێژوودا بایەخێکی گەورە بە ئەفسانە دەدات. ئەنترۆپۆلۆژیای نوێ تەرکیزێکی زۆر دەخاتە سەر گرنگی وێناکردن و خەیاڵە جوڵێنەرەکان کە خەڵك و جەماوەر دەوروژێنن و سازیان دەدەن، ئەنترۆپۆلۆژیا هەموو ئەم شتانە تێکەڵ بە میتۆدەکەی خۆی دەکات. کەچی خۆرهەڵاتناسە فیلۆلۆجیستەکان تا ئەمڕۆش ئەو خاڵە گرنگە لەبەرچاو ناگرن.

5–هەروەها باشلار دەڵێ: لە پێناوی بنجداکوتانی مەعریفەیەکی ڕاست و دروستدا، دەبێ مەعریفەی هەڵە لە بناغەوە بڕمێنرێ.

6–لێرەدا ئارکۆن ئاماژە بۆ لێکۆڵینەوەکانی زانای ئەڵمانی جۆزیف ڤان هیس دەکات.

7–بۆ زیاتر ئاشنابوون لە بارەی مشتومڕی شیعی/سوننی، بڕوانە توێژینەوەکەی ئارکۆن بە ناونیشانی: "بەرەو یەکخستنی ئاگایی عەرەبی ئیسلامی" کە لەم کتێبەدا هەیە.

تێبینی

ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئارکۆن لە بنەڕەتدا بریتییە لە لێکچەرێك کە لە مانگی دیسەمبەری ساڵی 1978دا لە سێنتەری تۆماس مۆر لە پاریس بە زمانی فەرەنسی پێشکەشی کردووە. لە ساڵی 1985یشدا جارێکی تر بۆ ئەو سێنتەرە بانگێشت دەکرێت و ئەمجارە بەشێوەیەکی فراوانتر لە بارەی "عەلمانییەت و ئایین" دەدوێت و دواتر لە کتێبێکی سەربەخۆدا چاپی دەکات و هاشم ساڵح وەریدەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی، ئێمەش ئەم کتێبەمان کردووە بە کوردی و لە ساڵی 2005دا لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپ کراوە.

سەرچاوە

د. محمد اركون
تاريخية الفكر العربي الاسلامي
ترجمة: د. هاشم صالح
مركز الانماء القومي- بيروت
الطبعة الثانية 1996

بەرهەمەکانی ئارکۆن

بە زمانی عەرەبی:

1-الفكر العربي : ترجمة د. عادل العوّا. دار عويدات- بيروت- سلسلة زدني علماً 1979.
2-الإسلام بين الأمس والغد : ترجمة علي مقلد. بيروت.
3-تاريخية الفكر العربي الإسلامي : ترجمة هاشم صالح. مركز الإنماء القومي- بيروت .1986
4-الفكر الإسلامي : قراءة علمية. ترجمة هاشم صالح. مركز الإنماء القومي- بيروت .1987
5-الإسلام، الأخلاق والسياسة: ترجمة هاشم صالح. مركز الإنماء القومي بالتعاون مع اليونيسكو- بيروت .1986
6-الفكر الإسلامي، نقد واجتهاد: ترجمة هاشم صالح. دار الساقي- بيروت .1995
7-من فيصل التفرقة إلى فصل المقال: أين هو الفكر الإسلامي المعاصر؟: ترجمة هاشم صالح. دار الساقي- بيروت .1993
8-الإسلام، أوروبا، الغرب: ترجمة هاشم صالح. دار الساقي- بيروت 1995.
9-الفكر الأصولي واستحالة التأصيل: ترجمة هاشم صالح. دار الساقي- بيروت .1999
10-نزعة الأنْسَنَة في الفكر العربي: ترجمة هاشم صالح. دار الساقي- بيروت .1997
11-من الاجتهاد إلى نقد العقل الإسلامي. ترجمة هاشم صالح. دار الساقي- بيروت .1991
12-معارك من أجل الأنسنة في السياقات الإسلامية: ترجمة هاشم صالح. دار الساقي- بيروت .2001
13-قضايا في نقد العقل الديني. ترجمة هاشم صالح. دار الطليعة- بيروت 1998.
14-من التفسير الموروث إلى تحليل الخطاب الديني ترجمة هاشم صالح. دار الطليعة- بيروت .2001
15-الإسلام، أصالة وممارسة، بيروت .1986
16-العلمنة والدين، ترجمة هاشم صالح, دار الساقي –ط1 -1990.

به زمانی فەرەنسی:

Deux Epîtres de Miskawayh, édition critique, B.E.O, Damas, 1961 ;
Aspects de la pensée islamique classique, IPN, Paris 1963;
L'humanisme arabe au 4e/10e siècle, J.Vrin, 2°éd. 1982;
Traité d'Ethique, Trad., introd., notes du Tahdhîb al-akhlâq de Miskawayh, 1e éd.1969; 2e éd.1988;
Essais sur la pensée islamique, 1e éd. Maisonneuve & Larose, Paris 1973; 2e éd. 1984;
La Pensée arabe, 1e éd. P.U.F., Paris 1975; 6e éd. 2002; Trad. en arabe, anglais, espagnol, suédois, italien ;
L'islam, hier, demain, 2e éd. Buchet-Chastel, Paris 1982; trad. arabe, Beyrouth 1983;
L'islam, religion et société, éd. Cerf, Paris 1982; version italienne, RAI 1980;
Religion et laïcité: Une approche laïque de l'islam, L'Arbrelle, Centre Thomas More, 1989;
Lectures du Coran, 1e éd. Paris 1982; 2e Aleef, Tunis 1991;
Ouvertures sur l'islam, 1e éd. J. Grancher 1989;
L'islam. Approche critique, Le livre du mois, Club du livre 2002
Pour une critique de la Raison islamique, Paris 1984;
L'islam, morale et politique, UNESCO-Desclée 1986;
Combats pour l'Humanisme en contextes islamiques, Paris 2002
The Unthought in Contemporary Islamic Thought, London 2002.
De Manhattan à Bagdad: Au-delà du Bien et du Mal, Paris 2003

به زمانی هۆڵەندی

Islam in Discussie, 24 vragen over de islam, éd. Uitgeverij Contact, Amsterdam 1993;
Islam & De Democratie; Een ontmoeting, en collaboration avec Frits Bolkestein, Uitgeverij Contact, Amsterdam 1994. -Plusieurs articles et interviews dans Revues et journaux néerlandais..

به زمانی ئیندونیسی

Nalar islami dan nalar modern: Berbagai Tantangan dan jalan Baru, trans. Johan H. Meuleman, INIS, Jakarta 1994.
Berbagai Pembacaan Quran, trans. Johan H. Meuleman, INIS, Jakarta 1997, 256 p.

به زمانی ئینگلیزی:

Arab Thought, éd. S.Chand, New-Delhi 1988;
Rethinking Islam : Common questions, Uncommon answers, today, Westview Press, Boulder 1994.
The concept of Revelation: from Ahl al-Kitâb to the Societies of the Book-book, Claremont Graduate School, Ca.,1988;
The Unthought in Contemporary Islamic Thought, London 2002.

کتێبه‌ چاپکراوه‌کانی تری وه‌رگێڕ:

* شیعرییه‌تی ده‌ق و هه‌نگوینی خوێندنه‌وه‌ (ده‌ق ره‌خنه‌) , چاپخانه‌ی ره‌نج , سلێمانی- 2001 .

* بیری ره‌خنه‌یی هاوچه‌رخ , کۆمه‌ڵێ وتاری وه‌رگێڕدراو , ده‌زگای چاپ و بلاَوکردنه‌وه‌ی موکریانی , هه‌ولێر- 2001 .

* گفتوگۆ له‌گه‌ڵ ئه‌دۆنیس , ده‌زگای چاپ و په‌خشی سه‌رده‌م , سلێمانی-2001 .

* ئایین و عه‌لمانییه‌ت و کۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی , گفتوگۆ له‌گه‌ڵ محه‌مه‌د ئارکۆن , ده‌زگای چاپ و بلاَوکردنه‌وه‌ی موکریانی , هه‌ولێر-2002 .

* مه‌مله‌که‌تی تیشکه‌کان , کۆمه‌ڵێ چیرۆکی وه‌رگێردراوی جه‌لیل قه‌یسی , ده‌زگای چاپ و په‌خشی سه‌رده‌م , سلێمانی-2002 .

* له‌نێوان بلیمه‌تی و شێتیدا , هاشم سالَح , ده‌زگای چاپ و په‌خشی سه‌رده‌م , کتێبی گیرفان (23) , چاپی یه‌که‌م سلێمانی-2002 . چاپی دووه‌م سلێمانی-2004 , له‌بلاَوکراوه‌کانی کتێبخانه‌ی سۆران له‌ هه‌ولێر .

* عه‌لمانییه‌ت و ئایین ،ئیسلام-مه‌سیحییه‌ت-خۆرئاوا ، د. محه‌مه‌د ئارکۆن ،ده‌زگای چاپ و په‌خشی سه‌رده‌م ، سلێمانی 2005.

* ئیسلام و گلۆبالیزم ، د. محه‌مه‌د ئارکۆن ،زنجیره‌ی کتێبی گیرفان ( ) ده‌زگای چاپ و په‌خشی سه‌رده‌م ، 2005.

* ئه‌زمونی خوێندنه‌وه‌-چه‌ند لاپه‌ره‌یه‌کی ره‌خنه‌یی، ده‌زگای چاپ وپه‌خشی سه‌رده‌م،سلێمانی 2006.

پێڕست:

یه‌کێ له‌ گرفته‌کانی ئیسلامۆلۆجیی کلاسیکی.......5
دوو نمونه‌ی عه‌لمانییه‌ت: تورکیا و لوبنان..........11
خه‌لافه‌ت، بنه‌مای مێژوویی و پرۆسه‌ی پاساودان..16
تیۆری شیعی بۆ ده‌یه‌لاَت..........................27

تێکستی قورئانی: چۆنێتی کۆکردنەوەی و سنەرلەنوێ خوێندنەوەی..37
دەرکەوتنی عەلمانییەت و پێداگرتنی.............46
بەرەو پرۆسەیەکی عەلمانییانەی ئیسلام......55
هێزی دیاردەی قورئانی..........................66

پۆستی ئەلیکترۆنی وەرگێڕ
nawzadaa@yahoo.com